مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

# التقنيات السردية والمنظورات وفقًا لمنهج النقد التاريخي الجديد في الروايات الكردية

**م.كانياو بكر عبدالله**
قسم اللغة الكردية، كلية تربية شارەزوور ، جامعة حلبجة
Kanyaw.abdulla@uoh,edu.iq

**أ.د.شنۆ محمد محمود**
**قسم اللغة الكردية، كلية اللغات، جامعة السليمانية**
Shno.Mahmood@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** التاريخانية الجديدة، السرد، تابوت الملائكة، الكتاب الخامس.

**كيفية اقتباس البحث**

عبدالله , كانياو بكر , شنۆ محمد محمود , التقنيات السردية والمنظورات وفقًا لمنهج النقد التاريخي الجديد في الروايات الكردية ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Cold techniques and perspectives and jurisprudence for the new historical criticism in Kurdish narratives

**Kanyaw Bakr Abdulla**
**(lecture), Kurdish Department, Sharazwr College of Education, Halabja University**
**Kanyaw.abdulla@uoh,edu.iq**

**Shno Muhammed Mahmwd, (professor)**
**Kurdish Department, College of Language, University of sulaimany**
**Shno.Mahmood@univsul.edu.iq**

**Keywords** : New Historicism, Narrative, The Ark of the Angels, Book Five.

**How To Cite This Article**
Abdulla , Kanyaw Bakr , Shno Muhammed Mahmwd , Cold techniques and perspectives and jurisprudence for the new historical criticism in Kurdish narratives ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

summary
This research is part of the requirements of the doctoral thesis, entitled (Technique and Perspective of Narrative According to the Method of New Historical Criticism, in Kurdish Novel), in which the researcher answers the following questions: What are the concepts used by the method of new historical criticism? What, then, is the art and technique of narrative from the perspective of the method of new historical criticism? How is the narrative perspective, according to the method of new historical criticism, used to tell events in the novel? Obviously, this article is an important article in Kurdish literature, in which it reproduces some old historical discussions and presents new understandings about

them. In our approach, we rely on the method (descriptive-analytical-historical). It takes their cognitive skills in reading and analyzing literary texts. Because new historicism believes in the mutual influence of literature and history .

Historical criticism is one of the new theories of the postmodern world. This theory wants to enter the heart of literary texts in a different way, in order to identify and discuss the cultural systems that led to the formation of literary texts

That is, it points to a new method of reading literary texts in relation to their historical and cultural context. While the old historical criticism method focuses only on historical events, the new historicism focuses on cultural concepts. In this paper, the researcher discusses a literary critical activity that has attracted a lot of attention in literary and critical centers. Based on the views of this new method, we have tried to investigate the novel Ark of Angels and the Fifth Book.

ملخص

يُعدّ هذا البحث جزءًا من متطلبات أطروحة الدكتوراه بعنوان (تقنية ومنظور السرد وفقًا لمنهج النقد التاريخي الجديد في الرواية الكردية)، حيث يجيب الباحث على الأسئلة التالية: ما هي المفاهيم التي يستخدمها منهج النقد التاريخي الجديد؟ ما هو فن وتقنية السرد من منظور هذا المنهج؟ كيف يُستخدم منظور السرد، وفقًا لمنهج النقد التاريخي الجديد، في سرد أحداث الرواية؟ من الواضح أن هذه المقالة تُشكّل إضافةً قيّمةً للأدب الكردي، إذ تُعيد إحياء بعض النقاشات التاريخية القديمة وتقدم فهمًا جديدًا لها. نعتمد في منهجنا على المنهج الوصفي التحليلي التاريخي، الذي يُوظّف المهارات المعرفية في قراءة وتحليل النصوص الأدبية، انطلاقًا من إيمان التاريخانية الجديدة بالتأثير المتبادل بين الأدب والتاريخ. يُعدّ النقد التاريخي أحد النظريات الحديثة في عالم ما بعد الحداثة. تسعى هذه النظرية إلى الغوص في صميم النصوص الأدبية بطريقة مختلفة، بهدف تحديد ومناقشة الأنظمة الثقافية التي أدت إلى تشكيل هذه النصوص.

أي أنها تُشير إلى منهج جديد لقراءة النصوص الأدبية في سياقها التاريخي والثقافي. فبينما يركز منهج النقد التاريخي التقليدي على الأحداث التاريخية فحسب، تُركّز التاريخانية الجديدة على المفاهيم الثقافية. تتناول هذه الورقة البحثية نشاطًا نقديًا أدبيًا حظي باهتمام واسع في الأوساط الأدبية والنقدية. وانطلاقًا من منظور هذا المنهج الجديد، حاولنا دراسة رواية "تابوت الملائكة" وكتابها الخامس.

# تەکنیک و دیدگای گێڕانەوە بەپێی میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ، لە ڕۆمانی کوردیدا

کانیاو بکر عبدالله
(مامۆستا)، بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە
Kanyaw.abdulla@uoh,edu.iq

د.شنۆ محمد محمود
(پرۆفیسۆر)، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی
Shno.Mahmood@univsul.edu.iq

پوختە
ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە پێداویستییەکانی تێزی دکتۆرا، بە ناونیشانی (تەکنیک و دیدگای گێڕانەوە بەپێی میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ، لە ڕۆمانی کوردیدا) یە، کە تیایدا توێژەر وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە: ئەو چەمکانەی میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ بەکاریاندەهێنێت چین؟ پاشان هونەر و تەکنیکەکانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ وە چۆنە؟ دیدگای گێڕانەوە، بەپێی میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ، بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەناو ڕۆماندا چۆن بەکاردەهێنرێت؟ دیارە ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگی نێوئەدەبی کوردییە، کە تیایدا چەند باسێکی مێژوویی کۆن دووبارە دێنێتەوە بەرباس و تێگەیشتنی نوێ لە بارەیانەوە دەخاتەڕوو، ئێمە لە ڕێبازەکەماندا پشتمان بەمیتۆدی (وەسفی- شیکاری- مێژوویی)بەستووە و لەو گریمانەیەوە دەستمان پێکردووە، کە مێژووگەرایی نوێ لقێکە لە لقەکانی خوێندنەوەی کلتووریی و ڕەخنەی کلتووریی و سوود لە چوارچێوە و سەرچاوە مەعریفییەکانیان وەردەگرێت لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا. چونکە مێژووگەرایی نوێ باوەڕی بە کاریگەری هاوبەشی ئەدەب و مێژوو لەسەر یەکتر هەیە.

**وشە کلیلییەکان: مێژووگەرایی نوێ، گێڕانەوە، کەشتی فریشتەکان، پێنجەمین کتێب**

**پێشەکی:** ڕەخنەی مێژووگەرایی یەکێکە لە تیۆرە نوێیەکانی دونیای پاش تازەگەری/پۆست مۆدێرنیزم، ئەم تیۆرە دەیەوێت بە جۆرێکی دیکە و جیاواز بچێتە ناو ناواخنی دەقی ئەدەبییەوە، تاوەکو ئەو سیستەمە کلتورییانەی، کە بوونەتە هۆی دروستبوونی دەقی ئەدەبی دەستنیشانیانبکات و بیانخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەم تیۆرە ڕەخنەییە هەوڵدەدات لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی دەقی ئەدەبییەوە، ئەوسیستەمە ئایدۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و کلتورییانە دیاریبکات، کە لە دەقەکەدا زاڵ و دەرکەوتوون، پاشان لە شێوەی گوتارێکی ڕەخنەییدا بیانخاتەڕوو. مێژووگەرایی نوێ، لە ڕووی زاراوەوە، دەکرێت بەم شێوەیە ڕوونبکرێتەوە و بخرێتەڕوو: "مێژووگەرایی" وشەیەکە، کە ئاماژە بە گرنگیدان بە مێژوو و کاریگەرییەکانی دەکات. "نوێ" ئەم بەشە جیاوازی دەکات لە مێژووگەرایی کۆن و ئاماژە بە ڕوانگەیەکی نوێ دەکات.

واتە ئاماژە بە میتۆدێکی نوێ دەکات لە خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان لە پەیوەندی لەگەڵ زەمینەی مێژوویی و کلتوریاندا، لە کاتێکدا میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی کۆن تەنها لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان جەخت دەکاتەوە، مێژووگەرایی نوێ گرنگی بە پێواژۆ کلتورییەکان دەدات. لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر باس لە چالاکییەکی ڕەخنەیی ئەدەبی دەکات، کە سەرنجێکی زۆری لە

ناوەندە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا بەدەستهێنا، بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی ئەم میتۆدە نوێیە هەوڵمانداوە لە (ڕۆمانی کەشتی فریشتەکان و پێنجەمین کتێب) بکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی نوێی بۆبخەینە ڕوو.

**بەشی یەکەم: چەمکە سەرەکییەکانی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ:**

لەم میتۆدە ڕەخنەییە نوێیەدا چەندین توخم کۆدەبنەوە و پێکەوە کاردەکەن بۆ پشتگیریکردنی میتۆدی مێژووگەرایی نوێ، کە لە هەوڵدایە بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی لە چوارچێوە مێژوویی و کلتورییەکەیدا؛ لەوێدا ئایدیۆلۆژیا و ململانێی هێزە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لە پێکهێنانی دەقدا هەیە. بە لای ڕەخنەگرانی مێژووگەرایی نوێوە، دەقی ئەدەبی نە مەبەستی نوسەر بەرجەستەدەکات و نە ڕۆحی سەردەمەکەی، کە بەرهەمیهێناوە دەردەخات، وەک مێژوونوسانی کۆنی ئەدەب جەختیان لە سەر دەکردەوە. هەروەها دەقە ئەدەبییەکان سەربەخۆ نین، کە لە سەرووی کات و شوێنی نوسینیانەوە بن، وەک ڕەخنەگرە نوێیەکان پێیانوابوو. بەڵکو ئامرازی کلتورین، کە دەتوانن شتێکمان پێ بڵێن دەربارەی کارلێکی گوتارەکان، وەک تۆڕێک لە واتا کۆمەڵایەتییەکان کار لە کات و شوێنی نوسینی دەقەکەدا دەکات. دەتوانێت ئەمە بکات بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە دەقی ئەدەبی بەشێکە لە ئاوێتەبوونی گوتارەکان ((بە بۆچوونی فۆکۆ، دەسەڵات لە ڕێگەی گوتارەکانەوە کار دەکات، وەک ئایدیۆلۆژیا، ئەم هەستە لە تاکدا دروستدەکات کە گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی دەسەڵات کردەیەکی سروشتی و لە ئەنجامدا بڕیارێکی ئازاد و لەسەر ویستی خۆیەتی))، (برتنس، ١٣٩١: ١٩١). لەبەرئەوە میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ شێوازێکی ڕەخنەگرانەیە، کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بە گرنگترین زەمینەی هاوبەشی هەموو جۆرەکانی دەق دەزانێت و گرنگییەکی تایبەتی پێدەدات. وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی، دەقە ئەدەبییەکان وەک فەزایەک سەیردەکات، کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات تێیدا دەردەکەون. چەند توخمێک وەک بنەما و بنەڕەتەکانی میتۆدی ڕەخنەیی مێژووگەرایی نوێ دەردەکەون، لە خوارەوە دەخرێنەڕوو.

**(١/١) گوتار:** لە چەمکە سەرەکییەکانی ئەم ڕەخنەیە دەتوانین ئاماژە بە وشەی گوتار بکەین، کە بەکارهێنانی لەم جۆرە ڕەخنەیەدا زۆرە. زاراوەی "گوتار" چەمکێکی گرنگە لە بواری زمانەوانی، فەلسەفە، کۆمەڵناسی، مێژوو، ئەدەبیات و زۆر بواری تری پەیوەندیدار. ((ئەم چەمکە بە شێوەیەکی فرەپات لە بەرهەمەکانی فۆکۆدا دێتە بەکارهێنان و هەڵگری واتایەکی تایبەتە لە بۆچوونە کۆمەڵناسەکاندا)) (سەجادی، ٢٠٢٢: ٥٣)، گوتار چەمک و زاراوەیەکی نوێیە و بۆچوونی جیاواز لە سەر سروشت و چەمکی ئەم زاراوەیە هەیە. زۆرجار "گوتار" ئاماژەیە بۆ شێوازی بەکارهێنانی زمان لە کۆنتێکستێکی دیاریکراودا، ئەمە دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ چۆنیەتی قسەکردن، یان نوسین لە سەر بابەتێکی تایبەت. یان سیستەمێک لە بیرۆکە، باوەڕ و ڕەفتار، گوتار دەتوانێت کۆمەڵێک چەمک و بۆچوون بێت، کە پێکەوە واتایەکی گشتگیر دروستدەکەن . ((گوتار لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بە مانا و دەلالەتی جۆراوجۆر بەکارهاتووە و فۆرم و مانای هەمەڕەنگی هەیە، بە گشتی دەتوانین بڵێین هەموو قوتابخانەیەکی ئەدەبی، یان هەموو میتۆدێکی ڕەخنەیی گوتاری تایبەتی خۆی هەیە، تەنانەت ڕەخنەگرانیش گوتاری خۆیان هەیە، کە لە چەمکەکان و لە پراکتیزە ڕەخنەییەکانیاندا دەردەکەوێت، یان لەو هەژموونەی لە بەرهەمەکانیاندا پرۆسەی دەکەن، کایە مەعریفییەکانی تریش گوتاری تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ نمونە گوتاری سیاسی، گوتاری مێژوویی، گوتاری ئایینی، گوتاری سێکسی....)) (ئەسوەد، ٢٠١٥: ٣٦٥) لە شیکردنەوەی ئەدەبیدا، گوتار دەتوانێت واتای قووڵتر و فراوانتر لە دەقێک





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

یان بەرهەمێک ئاشکرابکات. گوتار زۆر لە وشە و ڕستە تێدەپەڕێت و پەیوەندیی بە شێوازی بیرکردنەوە، پەیوەندیکردن و تێگەیشتن لە جیهان هەیە لە کۆنتێکستێکی کۆمەڵایەتی و کلتوریدا. دەتوانین بڵێین گوتار مەبەست و ئامانج و ئایدۆلۆژیای پشت وتارەکانە. ((گوتار لە کاتی گەیاندنیدا دەردەکەوێت، گوتار بە پێگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردنەوە پەیوەندیدارە، واتە بە ئاخێوەر و وەرگر و ئەو چوارچێوە بنیادیەی کردەی قسەکردنی تێدا ڕوودەدات. واتە ئەگەر بە دەورووبەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی ببەستینەوە دەکرێت ڕاڤەیەکی ڕەخنەییانەی بۆ بکەین، بۆ نمونە کاتێک سۆسیۆلۆجیستێک چەمکی گوتار بەکاردەهێنێت، بە گشتی لە سەر دوو ئاست کاردەکات. لە ئاستی یەکەم کار لەبارەی سۆسیۆ- زمانی دەکات، کە بە شیکردنەوەی گوتار ناودەبرێت، هەرچی ئاستی دووەمە پێوەندیی بەو میتۆدەوە هەیە، کە (میشێل فۆکۆ) لە توێژینەوەی مێژوویدا کارییکرد و مێژووی شیکردەوە، کە بە ئارکیۆلۆجیای مێژوو ناسرا.)) (حسێن، ٢٠٢٠: ٥-٦) مەبەست لە گوتار لێرەدا بە چەمکی زمانەوانی و سیمیۆلۆژی نییە - وەک دەقێکی ڕێکخراو، کە لە ڕستە تێدەپەڕێت، بەڵکو بە چەمکی میشێل فۆکۆیە؛ واتە: تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتورییەکانە، کە کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی گوتار دەکەن و گوزارشت لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات، هێز، هەژموون و مەترسییەکان دەکەن. نوسەرێک، کە گوتارێک بەرهەمدەهێنێت، تەنها ئەوە هەڵدەبژێرێت، کە دامەزراوەی کلتوری حوکمڕان دەیەوێت و پەسەندیدەکات.چەمکی گوتار و بەکارهێنانی لە میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێدا ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی هەیە. دەتوانین بڵێین، کە چەمکی گوتار لەم ڕێبازەدا بە چەند شێوازێک بەکارهاتووە-

**پەیوەندی گوتار و دەسەڵات:** شیکردنەوەی ئەو شێوازانەی، کە گوتار لە ڕێگەیانەوە دەسەڵات بەرهەم دەهێنێت، دەپارێزێت یان دەیگۆڕێت، لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی گوتار بۆ سەپاندن یان بەرەنگاربوونەوەی هەژموون و لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان گوتار، دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیا لە چوارچێوەی مێژوویدا.

- **گوتار وەک کرداری کۆمەڵایەتی:** گوتار تەنها وەک دەق یان زمان نابینرێت، بەڵکو کردارێکی کۆمەڵایەتییە، کە واقیع دروستدەکات.

- **فرەیی گوتارەکان** :مێژووگەرایی نوێ جەخت لە سەر فرەیی و جیاوازیی گوتارەکان دەکاتەوە. ئەوان لێکۆڵینەوە لە ململانێ و دژیەکی نێوان گوتارە جیاوازەکان دەکەن. شیکردنەوەی چۆنیەتی بەریەککەوتن و کارلێکی گوتارە جیاوازەکان.

-**گوتار و شوناس**: لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی گوتار لە دروستکردن و گۆڕینی شوناسی تاک و کۆمەڵ شیکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی گوتار بۆ پێناسەکردن و جیاکردنەوەی گروپە کۆمەڵایەتییەکان.

-**پەیوەندیی نێوان گوتار و ڕووداوە مێژووییەکان:** مێژووگەرایی نوێ جەخت دەکاتەوە لە سەر گرنگی تێگەیشتن لە کۆنتێکستی مێژوویی، کە گوتارەکان تێیدا بەرهەمهاتوون. هەر گوتارێک دەبێت لە چوارچێوەی سەردەم و کۆمەڵگای خۆیدا شیبکرێتەوە .لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی کاریگەریی ڕووداوە مێژووییەکان لە سەر شێوەگرتن و گۆڕانی گوتارەکان. هەروەها شیکردنەوەی ڕۆڵی گوتار لە شێوەدان بە تێگەیشتن و وێناکردنی ڕووداوە مێژووییەکان. شیکردنەوەی ئەو هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتیانەی، کە دەبنە هۆی گۆڕانکاریی لە گوتاردا بەکارهێنانی شێوازی بەراوردکاری بۆ تێگەیشتن لە جیاوازیی و لێکچوونی گوتارەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی و کاریگەریی نێوان گوتارە مێژووییەکان.

**٢/١) کولتور:** کلتور چەمکێکی فراوان و گرنگە، کە چەندین لایەنی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا لەخۆدەگرێت وەک ئەو بیروباوەڕانەی، کە کۆمەڵگایەک پەیڕەویدەکات. هەروەها دامەزراوە و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان: وەک خێزان، پەروەردە، حکومەت و هتد.لە بنەڕەتدا ئەم چەمکە لە نێو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا دەبینرێت، بە تایبەتیش لە بوارەکانی کۆمەڵناسییدا، بەڵام زۆرێک لە زانستەکانی تریش گرنگیانپێداوە و بە پێی بنەما و تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە پێناسەیان بۆ کردووە. (( کلتور چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە پەیوەستە بە زمان، ئایین، ئەفسانە، هونەر و دابونەریت )) (Tylor, 1985: 204)، ئەم پرۆسەیە لە بنەڕەتدا تایبەتە بە هزری مرۆڤەوە، کە وەک فێربوونێک بە هۆی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگاوە دەگاتە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە. کلتور بە شێوەیەکی دینامیکی گۆڕانی بەسەردا دێت و کاریگەریی لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگا هەیە. هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی ناسنامەی سەر بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو. ((کلتور بریتییە لە سیستەمێکی ڕێکخراو، کە پێکهاتووە لە جۆرەکانی ڕەفتاری ڕۆژانەی تاک و شێوازی ژیانی کۆمەڵ و زمان و بیروباوەر و هونەر و یاسا و ڕەوشت و دابونەریت و بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان))(حەمە فەرەج، ٢٠٢٤: ٢٤)، میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ تایبەتە بە گەڕان و لێکدانەوەی ئەو کلتورە چەسپاوانەی، کە بە سەر دەقی ئەدەبییدا زاڵن، ئەمەیش بۆ دەرهێنانی سیستەمە کلتورییەکانیان؛ جا ئەو سیستەمانە لە ژێر کاریگەریی کلتورە چەسپاوەکان ، یان پەراوێزخراوەکانی نێو دەقی ئەدەبیدا بێت، هەروەها پێگەی ئەو کلتورانەی، کە کاریگەرییان بە سەر دەقی ئەدەبییەوە هەیە. بە بڕوای ئەوان ئەدەبییات، بەرهەمێکی کلتورییە. بە واتایەکی دیکە، ئەدەب لە کلتورەوە سەرچاوەدەگرێت و کلتور ئاشکرادەکات و کاریگەریشی لە سەر دروستدەکات.لە میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێدا، چەمکی کلتور بە شێوەیەکی فراوان و قووڵ بەکارهاتووە و ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی دەگێڕێت. ئەم میتۆدە ڕەخنەییە کلتور وەک سیستەمێکی ئاڵۆزی واتاسازیی و پەیوەندیی دەبینێت، کە کاریگەریی لە سەر بەرهەمهێنان و وەرگرتنی دەقەکان هەیە. دەتوانین بڵێین، کە چەمکی کلتور لە ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێدا بۆ چەند مەبەستێک بەکارهاتووە:

**-کلتور وەک بەرهەمهێنەری واتا** :ڕەخنەگرانی مێژووگەرایی نوێ جەخت لە سەر ڕۆڵی کلتور لە دروستکردنی واتا دەکەنەوە. ئەوان لێکۆڵینەوە لەوە دەکەن، کە چۆن کلتور چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیهان دابیندەکات. مێژووگەرایی نوێ کلتور وەک سیستەمێکی ئاڵۆزی واتاسازیی دەبینێت، کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤەکان واتا بۆ جیهان و ئەزموونەکانیان دروستدەکەن.

**- کلتور و دەسەڵات** :لەم ڕوانگەیەوە، کلتور پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە. ڕەخنەگران هەوڵدەدەن ئەو شێوازانە دەربخەن، کە کلتور لە ڕێگەیانەوە دەسەڵات بەرهەمدەهێنێت و دەیپارێزێت**-کلتور وەک دەق** :مێژووگەرایی نوێ کلتور وەک دەقێک دەخوێنێتەوە، کە پێویستە شیکاریی بۆ بکرێت. ئەمەش واتە لێکۆڵینەوە لە هەموو بەرهەمە کلتورییەکان، نەک تەنها بەرهەمە ئەدەبییەکان. ئەم ڕێبازە جەخت لە سەر پەیوەندیی نێوان دەق و کلتور دەکاتەوە. دەقەکان لە کلتورەوە سەرچاوە دەگرن و لە هەمان کاتدا بەشدارن لە دروستکردن و گۆڕینی کلتوردا

**-کلتور و شوناس** :لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان کلتور و دروستبوونی شوناسی تاک و کۆمەڵ بەشێکی گرنگە لەم ڕێبازەدا، مێژووگەرایی نوێ پێی وایە کە کلتور و شوناس بە شێوەیەکی قووڵ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پێکەوە گرێدراون و شوناس وەک بەرهەمێکی کلتوریی دەبینرێت. بۆ ئەم مەبەستەش شیکردنەوەی دەق بۆ تێگەیشتن لە کلتور و شوناسی سەردەمەکەی بەکاردێت، هەروەها لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی کارلێکی نێوان کلتورە جیاوازەکان و کاریگەرییان لەسەر یەکتر بۆ شیکردنەوەی ئەوەی چۆن ئەم کارلێکە کاریگەری لەسەر شوناسی تاک و کۆمەڵ هەیە.

**(٣/١) ئایدۆلۆژیا:** ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێک بیروباوەڕ و بۆچوونی پەیوەندیدار بە یەکەوە لەخۆدەگرێت. چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە جیهان و ڕووداوەکان پێشکەشدەکات. کاریگەریی لە سەر هەڵسوکەوت و بڕیاردانی تاک و کۆمەڵ هەیە. ڕۆڵێکی گرنگ لە شێوەدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا دەگێڕێت. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ئایدۆلۆژیاکانیش دەگۆڕێن و پەرەدەسێنن. ((هەر ئایدۆلۆژیایەک پێویستی بە حیزبێک هەیە، کە بیکەن بە ئامرازێک بۆ بڵاوبوونەوەی بەرنامەکەیان و گەیاندنی پەیام و نەخشە ڕێگاکانیان)) (حەسەن، ٢٠٢٠: ٧). کەواتە ئایدۆلۆژیا بیرکردنەوەیەکی دیاریکراوە و تایبەتە بە چینێکی ناو کۆمەڵەوە، پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی و سیاسی و ئابورییەوە. (( ئایدۆلۆژیا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵەوە هەیە، وەکو سیستەمێکی فیکریی کۆمەڵ دەردەکەوێ، هەر ئایدۆلۆژیایەک لە ناو کۆمەڵ باڵادەستبێ، ئەوە دەزگای سیاسیی، یاسایی و ئەدەبی ئاڕاستەدەکا. کەواتە جیهانبینی ئەو کۆمەڵە بەرانبەر جیهان و مرۆڤەکانی دیکە دروستدەبێ))(حەسەن، ٢٠٢٣: ٣٤) کەواتە هەموو دەقێک ئایدۆلۆژیای تێدایە، بەڵام چۆنێتی ڕەنگدانەوەی ئەو ئایدۆلۆژیایە و دامەزراندنی لە ناو دەقەکەدا پەیوەندیی بە نوسەرەوە هەیە، کە ئایا دەقەکە لایەنە هونەرییەکانی خۆی بەسەر ئایدۆلۆژیاکەدا زاڵدەکات، یان دەقەکە دەبێتە قوربانی ئایدۆلۆژیاکانی نوسەر. لە میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێدا، چەمکی ئایدۆلۆژیا ڕۆڵێکی گرنگ و فرە ڕەهەند دەگێڕێت. ئەم میتۆدە ڕەخنەییە گرنگی بە پەیوەندیی نێوان دەق، بارودۆخی مێژوویی و ئایدۆلۆژیا دەدات. لێرەدا چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست دەربارەی بەکارهێنانی چەمکی ئایدۆلۆژیا لە ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێدا دەخەینە ڕوو:

**-دەق وەک بەرهەمی ئایدۆلۆژیا** :ڕەخنەگرانی مێژووگەرایی نوێ دەق وەک بەرهەمێکی ئایدۆلۆژی دەبینن، کە لە کۆنتێکستێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بەرهەمهاتووە.

**- شیکردنەوەی پەیوەندییە ئایدۆلۆژییەکان** :هەوڵدەدرێت پەیوەندییە ئایدۆلۆژییەکانی نێوان دەق و کۆنتێکستە مێژووییەکەی شیبکرێتەوە

**- ئاشکراکردنی ئایدۆلۆژیای شاراوە**: ڕەخنەگران هەوڵدەدەن ئەو ئایدۆلۆژیایانەی، کە لە ناو دەقدا شاراونەتەوە ئاشکرابکەن

**-دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا** :گرنگی بە پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا دەدرێت و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەم پەیوەندییە لە دەقدا شیدەکرێتەوە.

**- ئایدۆلۆژیای نوسەر و خوێنەر** : لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی ئایدۆلۆژیای نوسەر لە سەر دەق و هەروەها چۆنیەتی کاریگەریی ئایدۆلۆژیای خوێنەر لە سەر خوێندنەوە و تێگەیشتن لە دەق.

**(٤/١) دەسەڵات:** ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ دەیەوێت لە ڕووداوە مێژووییەکان تێبگات لە میانەی دۆزینەوەی دەسەڵاتە جیاوازەکانەوە، کە لەو چوارچێوەیەدا ڕووداوەکانی مێژوو دەجوڵێنن، دەسەڵاتی ئاماژەپێکراو لێرەدا بێگومان ئەوەیە، کە "میشێل فۆکۆ" باسیکردووە، کە لە ڕێگەی گوتارەکانەوە دەردەکەوێت؛ بە جۆرێک کە ڕێگە بە تاک دەدات باوەڕی وابێت، کە ئازادە و توانای بڕیاردانی سەربەخۆی هەیە. پێویستە ماوەی مێژوویی دەقەکە بە وردی بخوێنرێتەوە؛ بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی کارکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات. لەبەرئەوە،

مێژووگەرایی نوێ میتۆدێکە، کە لە سەر لێکدانەوەی دەق و گوتارەکان دامەزراوە؛ بە پشتبەستن بە پاشخانە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانیان و دۆزینەوەی ئایدیۆلۆژیای باو لەو قۆناغە مێژووییەی، کە نوسەر سەر بە ئەوە. لە ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێدا، چەمکی دەسەلات ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی دەگێڕێت. بە شێوەیەکی تایبەت گرنگی بە پەیوەندیی نێوان دەق، دەوروبەر و دەسەڵات دەدات.

**-دەسەڵات وەک هێزێکی شاراوە :**مێژووگەرایی نوێ دەسەڵات وەک هێزێکی شاراوە دەبینێت، کە لە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکاندا ئامادەیە. ئەم ڕێبازە هەوڵدەدات ئەو شێوازانە دەربخات، کە دەسەڵات لە ڕێگەیانەوە کاردەکات و کاریگەریی لە سەر بەرهەمهێنان و وەرگرتنی دەقەکان دادەنێت.

**- دەسەڵات و گوتار**: بە کاریگەریی بیرۆکەکانی "میشێل فۆکۆ"، مێژووگەرایی نوێ گرنگی بە پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و گوتار دەدات. لەم ڕوانگەیەوە گوتارەکان تەنها ڕەنگدانەوەی واقیع نین، بەڵکو بەشدارن لە دروستکردنی واقیع و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

**-دەسەڵات و زانین :**مێژووگەرایی نوێ جەخت لە سەر پەیوەندیی نزیکی نێوان دەسەڵات و زانین دەکاتەوە. ئەم ڕێبازە پێیوایە، کە زانین بەرهەمی پەیوەندییە دەسەڵاتدارەکانە و لە هەمان کاتدا، زانین دەسەڵات بەرهەمدەهێنێت.

**- دەسەڵاتی کلتوری:** ڕەخنەگرانی مێژووگەرایی نوێ گرنگی بە شێوازەکانی دەسەڵاتی کلتوری دەدەن، واتە ئەو ڕێگایانەی، کە کلتور لە ڕێگەیانەوە بیروباوەڕ، بەها و ڕەفتارەکان کۆنترۆڵدەکات.

**بەشی دووەم: ڕۆمانی کوردی و ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ**

**١/٢) هونەرەکانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ڕۆمانی کوردیدا.**

گێڕانەوە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و بۆ سەرەتای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، دواتر لەناو دەقە ئایینییەکاندا هەستپێکراوە و پاشان بۆ ژانرەکانی ئەدەب بەتایبەت ئەفسانە و داستان و بابەتەکانی فۆلکلۆر گواستراوەتەوە. دواتر لە دەقە هونەریی و ئەدەبییەکاندا وەک تەکنیک بەکارهاتووە و بە شێوازی جۆراوجۆر ڕەنگیداوەتەوە.

یەکێک لە بەشە سەرەکی و پڕ بایەخەکانی دەق، گێڕانەوەیە، ئەگەر وەک چەمکێکی ئاسایی سەیری بکەین، دەبینین گێڕانەوە هونەرێکی دێرینە و هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە ئەم چەمکە بوونی هەبووە و بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤایەتی بووە، یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە ڕۆژانە مرۆڤ بە هۆیەوە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی بۆ بەرامبەرەکەی گێڕاوەتەوە و بەردەوامیشە لە گێڕانەوەیاندا. بۆیە دەگوترێت مرۆڤ وابەستەیە بەو واقیعەی، کە تیایدا دەژی و هەموو ئەو ڕووداوانەی ژیانی، کە سەرچاوەی خۆشی و ناخۆشییەکانیەتی ئەزمونیان دەکات و دەبن بە بەشێک لە ژیانی و لە یادگەیدا دەمێنیتەوە؛ لەبەرئەوەی مرۆڤیش خودی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەدوای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا دەگەڕێت. هەربۆیە (( لەهەر شوێنێک مرۆڤ هەبێت، گێڕانەوەش هەیە، کۆمەڵگەی بێگێڕانەوە بوونی نیە)) (أخوت، ١٣٧١: ١٠)، لە ڕووی هونەریشەوە ئەم چەمکە بە گرنگترین لایەنی پێکهاتەی دەق دادەنرێت و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سەرجەمی لایەنە هونەرییەکانی دیکەی دەقدا هەیە، بە تایبەتیش ئەو پەیوەندییەی لە لایەک لەگەڵ زمان و لە لایەکی دیکە لەگەڵ کات هەیەتی، کە هەموویان پێکەوە بە ئاوێتەبوون و تەواوکەری یەکتری گوتاری دەق بەرهەمدەهێنن. بەگشتی چیرۆک و ڕۆمان گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤە،

مرۆڤیش هەمیشە حیکایەتێک یان ڕووداوێکی هەیە بۆ گێڕانەوە، ئەوە لێهاتویی و سەلیقەی نووسەرە، ،کە چۆن بڕیاردەدات ئەو حیکایەت و ڕووداوانە لەبۆتەی قاڵبێکی هونەری ڕێکخراودا بە کەرەستە و تەکنیک و داڕشتنێکی ئیستاتیکیی و هونەریی بگێڕێتەوە. لەبەرئەوە پێویستە نووسەر جیهانبینی فراوان بێت و تێڕوانینەکانی بەدیدێکی لۆکاڵییەوە دەرنەبڕێت، یان لەڕێی فۆڕم و تەکنیکی نوێوە ئەو ڕوداوانە بەدیدێکی جیهانییەوە بنوسێتەوەو بە چیرۆکیان بکات.

گێڕانەوە وەکو پرۆسەیەکی درکاندن و گوزارشتکردن(( بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤی پێکهێناوە، هەروەها بنەمایەکی سەرەکییە لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا، ئەم تەکنیکە لە ئەفسانە و حیکایەتی میللییەوە سەریهەڵداوە و وورده وورده بەرەو پێشچووە، ئەم شێوازە هونەرییەی ئێستای لەناو ژانرە ئەدەبییەکاندا وەرگرتووە)) (عوسمان، ٢٠١٠: ١٤) . کەواتە لەنێو ژانرە گێڕانەوە بەندییەکاندا و بەتایبەتیتریش لە داڕشتنی ڕۆماندا، گێڕانەوە بە ڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت و پەیوەندی پتەوی لەگەڵ سەرجەم لایەنە هونەرییەکانی دیکەی دەقدا هەیە، بەتایبەتی ئەو پەیوەندییەی لەلایەک لەگەڵ زمان، لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ کات هەیەتی، کە پێکەوە گوتاری دەق بەرهەمدەهێنن.

لەپرۆسەی بونیادنانی دەقدا کۆمەڵێک چەمک لە ڕووی هونەرییەوە پێکهاتەیەک وێنا دەکەن و ئاڕاستەیەکی ئامانجداری کردارێک بەڕێوەدەبەن، کۆکردنەوەی ڕوانینێکی وورد و چڕیش بۆ هەر بەشێک لە بەشەکانی دەق لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بتوانرێت کۆنترۆڵی پارچە جیاوازەکان بکرێت، بەمەش ڕوانینەکان خۆیان لە پەرشبوونی چەند هێڵێکی ڕووکەشی دوور دەخەنەوە. بەرهەمهێنانی هەر دەقێکی گێڕانەوەبەندی وەک ژانری چیرۆک و ڕۆمان، بە بێ پراکتیزەکردنی گێڕانەوە کارێکی ئەستەمە. شێوازی ڕێگاکانی گێڕانەوەش بە پێی گۆشەنیگا و تێڕوانینی نووسەر بۆ ڕووداوەکان دەگۆڕێت.

ئەدەب هەمیشە ڕێگایەکی گەورە و بوارێکی باش بووە، بۆ گوزارشتکردن و دووبارە خوێندنەوە و گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان، چونکە ئەدیبان ئەوەی لە گێڕانەوە ئەدەبییەکانەوە دەیبینن هەمیشە ئەو بەشانەن، کە مێژوو نووسان و کەسانی دیکە نایبینن و هەستی پێناکەن، ئەوەی ئەدەب لە زانست و مێژوو و کایەکانی دیکە جیادەکاتەوە توانا و لێهاتوویی باسکردن و شێوازی گێڕانەوەکەیەتی، شێوازیک، کە دەتوانێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ڕووداوەکان بخوێنێتەوە و زەمەن و ڕووداوی نوێیان لێ بەرهەم بهێنێت و ڕۆحێکی دیکەیان بە بەردا بکات، مێژوو خۆی پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت و تامی ئەدەبی گێڕانەوەیی وەک چیرۆک و ڕۆمان بە خوێنەر دەبەخشێت، خۆیشی هەر گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ڕابوردووە، ئەدیب و نووسەری کارامە و لێهاتوو، دەتوانێت مێژوو بکات بە کەرەستەی داهێنانی ئەدەبی و ڕووداوەکانی ڕابوردوو و مێژوو بە ئێستا ببەستێتەوە، بە شێوەیەک، کە خوێنەر هەست بە بوونی بکات و لە هەمانکاتیشدا مەبەستی نووسەرەکەی بدۆزێتەوە و هەست بەوە بکات، کە ڕابوردووی بۆ دەگەڕێنێتەوە بە شێوەیەک وەکو ئەوەی، کە خۆی تییدا بژی. (( ڕووداوەکانی نێو گێڕانەوەی ڕووداو ئەوەندە گرنگ نین، بەڵکو چۆنێتی گێڕانەوەیان گرنگترە، واتە چۆن نووسەر ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و چ گوتارێک دەردەخات؟ )) (ئەسوەد، ٢٠٠٦، ٢١٨). دەکرێت بڵێین بە پێی میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ، گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دەق پشت بە پێوەرە مێژووییەکان نابەستێت وەک گێڕانەوەی ڕووداوە زنجیرەییە بەدوای یەکداهاتووەکان، بەڵکو بایەخ بە جوڵە زەمەنییەکانی دەق دەدات، هەر لە جوڵەی

کەسێتییەکان تا دەگاتە ئاشکراکردنی پەیوەندی دەق ئەدەبی بە کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسییەکان، دواتریش پەیوەندی ڕووداوەکان بە هێزی بیرکردنەوەی کەسێتییەکان.

نووسەرانی دنیا هەریەکە و بەجۆرێک هەوڵیانداوە لەناو گێڕانەوەدا جیهانێک بە ویستی خۆیان دروست بکەن، جیهانێک کە دەکرێ لە ئاسمان یان لە زەوی بێت، واتا چ ئەوەی بە فانتازیا و جادوو هەستێکی واقیعی لای خوێنەر دروست بکەیت و بیگێڕیتەوە، چ ئەوەی لەناو واقیعدا خەیاڵ و فەنتازیا دروست بکەیت بیگێڕیتەوە.

ئاست و چۆنێتی گێڕانەوەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە گۆشە نیگایەکەوە بۆ گۆشەنیگایەکی دیکە جیاوازە و دەگۆڕێت. گێڕانەوەش پێویستی بە کارامەیی و لێهاتوی نووسەرە لە تەوزیفکردنی ڕووداوەکاندا؛ تاکو گێڕەرەوە بە هەمان چێژەوە بابەتی گێڕانەوەکە وەربگرێت. ڕۆمانی نوێش بە تەواوی ڕزگاری بووە لە شێوازی کۆنی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، کە بە شێوەی زنجیرەیی بەدواییەکداهاتوو بوو، چەندین تەکنیکی نوێ و جۆری گێڕانەوەی جیاواز بۆ خستنەڕووی ڕووداوەکان لە ڕۆمانی نوێدا سەریانهەڵداوە، کە ڕۆماننوس پەنایان بۆ دەبات و لەو ڕێگەیەوە دنیابینییەکانی خۆی دەردەبڕێت و گوزارشت لە هەڵکشان و داکشانی ڕووداوەکان دەکات، کە هەریەکە لەو جۆرانەش خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە.

گێڕانەوە بۆخۆی ئەو سروشت و تایبەتێتییەی هەیە، کە ئاوێتەدەبێت بە زیادکراوەکانی گێڕەرەوە. ئەو چنین و هونەرکارییەی، کە لە ڕۆمان و دەقی چیرۆکیدا هەیە، دەشێت یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو دەقەکە خۆی ببێت بە گێڕەرەوە، کە ئەمیش سەرچاوەکەی هەر نوسەرە و بەخشکەیی بڕوا و بیرکردنەوەکانی نوسەرەکەی دەگەیەنێت. هەر بۆیە گێڕەرەوە هەرچۆن و هەر کاتێک و بە هەر تەکنیک و جۆرێکی گێڕانەوە بێت، گوزارشتە لە سەرنج و بۆچوون و دونیابینییەکانی خودی نوسەر دەربارەی بیرۆکە سەرەکییەکەی ناو دەقەکە.

بەختیار عەلی، لە کەشتی فریشتەکاندا دەیەوێت چی لایەن و پێویستییەکی نوسینی ڕۆمان و گێڕانەوە هەیە، بەکاربهێنێت لەپێناو گەیاندنی ئەو سەرنج و ڕێباز و مەبەستە دیاریکراوەی، کە لێیەوە لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی گەلەکەی دەڕوانێت، ڕۆمانی کەشتی فریشتەکان، گێڕانەوەیەکی درێژی چەند لایەنەی (مێژوو، سیاسەت، شۆڕش، ڕووداوەکانی ڕۆژانی خەباتگێڕی، یادەوەری، متمانە، ڕاستگۆیی و وەفا، عیشق، مردن، تاوان و چاکە)ی قۆناغێکی مێژووی گەلی کوردە لە باشوری کوردستان. ڕۆماننوسی دیاری کورد (بەختیار عەلی)، نوسەری ڕۆمانەکەیە. سەرجەمی گێڕانەوەکە، بە سێ کتێب و بە زنجیرە بڵاوکراوەتەوە. تەواوی ناوەڕۆک و گێڕانەوەکانی ڕۆمانەکە، باسکردنە لە بیر و خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕیی گروپێکی سیاسی، کە بە زمان و داڕشتنێکی ئەندێشەیی، لەسەر زمانی کارەکتەرەکانەوە داڕێژراوە و دەگێڕرێتەوە.

ڕەخنەگرتن لە مێژووی ئێمە گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە، هەر کاتێک ئاوڕێکی ڕەخنەیی لە مێژوو نەدرایەوە، مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، مێژوو تێناپەڕێنرێت ئەگەر ڕەخنەی لێ نەگیرێت. کەشتی فریشتەکان یەکێکە لەو ئاوڕە جدی و ڕەخنەییانەی دنیای ئێمە، هەوڵێکە بۆ تێپەڕاندنی مێژوویەکی پیرۆزکراو لەلایەن دەسەڵاتەوە، بۆ تێنەپەڕاندنی ئەو مێژووە. بەختیار لێرەوە ڕەخنە لەو دەسەڵاتە دەگرێت، کە بەردەوام مێژووی نیو سەدەی ئێمە پیرۆز دەکەن، چونکە ئەگەر بمانەوێت لە ڕاستییە مێژووییەکان بگەین و بزانین، کە حەقیقەت لەکوێدایە و چی لە ڕابردوودا ڕوویداوە، ئەوا ئەم ڕۆمانە دیوە نەوتراوەکانی شۆڕشمان پێدەناسێنێت، کە ئەوەیش دیوە ڕاستەقینەکەیەتی. دەشێت تا ئێستا بەر یەکلای شۆڕش و خەبات بۆ ئازادیی

نەتەوەیی و مافی چارەی خۆنوسین نەکەوتبین، کە هەمیشە سیاسییەکان بە قات و بۆینباخەوە، دەیانەوێ هەستی شاخ و برسێتیی و پێڵاوی دڕاو و جەنگمان بۆ ڕوونبکەنەوە...بەڵام لە کەشتیی فریشتەکاندا، بەر دیوە نائینسانییەکەی شۆڕش دەکەوین، ئەو دیوەی، کە ڕاستییە و نەوتراوە. لێرەدا بەر ئاوێتەیەک دەکەویت لەنێوان حەزی شێتانە و هەرزەکارانەی سیاسیی و (خەباتگێڕەکان) و چارەنوسی نەتەوەیەکی بەدبەختی وەکو کورد، بەدەست شەڕواڵپیسەکانەوە... .

ناونیشانی ڕۆمانەکە، بە وردیی ئاماژە و گوزارشتە لە ناوەڕۆک و تێما و مۆتیڤی پشت مەبەستی نوسینی ڕۆمانەکەوە. وشەکانی هەرکام لە (کەشتی)، کە خوازەیەکی زمانییە و نوسەر بە مەبەستی تایبەتییەوە هێناویەتییەوە، وەک شوێن و مەودا و ڕووبەرێکی جوگرافی بۆ کۆبوونەوە، هەروەها (فریشتە)، ناوێکی خوازراوە، کە لە زمان و تێگەیشتنی مرۆڤی کوردی مسوڵماندا، ئاماژەیە بۆ ڕۆحێکی پاک و خاڵی لە هەر ناشیرینی و دزێوییەک. ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەیش، وەک بەستنەوەیەک لە نێوان هەرکام لەم دوو وشەیەدا پێکهێنراوە.

نوسەر وشەی فریشتەی وەک هێمایەک بۆ ئەو بەشە پاک و ئینسانییەی ناو ڕۆحی مرۆڤ بەکارهێناوە، بەجۆرێک، کە لە ناخی هەر مرۆڤێکدا، فریشتەیەک دەژی، ئەمەیش تا ڕێنوێنی خاوەنەکەی بکات، لە ڕێزگرتنی ئەوانی دیکە و خولقاندنی بۆچوونێک، کە تێیدا ئازاردانی بچوکترین بوونی دەرەوەی مرۆڤەکەیش، جێگای نەبێتەوە تێیدا. بەو واتایەی، کە لە ناخی هەموومان فریشتەیەک هەیە خەریکە ڕێنمویت دەکات بۆ کاری باش، لە ئەوپەری پاکی و لێبوردەیی هەڵتدەکێشێت و ڕێگایەکی فریشتەیت بۆ ڕۆشندەکات، بە جۆرێک ناتوانی بچووکترین ڕۆحلەبەر ئازاربدەیت. بەڵام لە دۆخی پێچەوانەی ئەمەدا، کە ئەگەر هەر کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکە، هەستی دزێوی و خراپەی، لە ڕادەیەک تێپەڕی، ئەوا فریشتەکەی ناخی بەجێیدەهێڵێت و لە شوێنێکدا، کە ڕووبەرێکی تایبەت و دیاریکراوە بە فریشتەکان، کۆدەبنەوە. بەمشێوەیە و بەهۆی ئەوەی، کە مرۆڤەکان بە دەنگ و بانگی فریشتەکانی ناخیانەوە ناچن، لە ژیانیاندا سەرقاڵی پیلان و ئاژاوە و کوشتن و لەناوبردن و شەڕ و تۆڵەن، هەربۆیە فریشتەی هەر کام لەو مرۆڤانە، کاتێک، کە ناتوانن مرۆڤەکان بە ئاراستەی فریشتەبووندا بەرن، ئەوا چیدی ناخی ئەو مرۆڤە نابێتە شوێن و پەناگەیەکی گونجاو بۆ فریشتەکان، چونکە فریشتە ناتوانێت ببێت بە بەشێک لەو سنورانەی، کە ڕق و تۆڵە و خوێن، بەشەکەی دیکەیان پێکبهێنێت. کەواتە هەرکام لە (مرۆڤ، فریشتە)، دوو پێکهێنەرە سەرەکییەکەی ناو گێڕانەوەکانی ئەم ڕۆمانەن. لە گفتوگۆی نێون هۆشەنگ و مەهدائیلدا: ((زۆربەی مرۆڤەکان هەست بە مردن و جیابوونەوەی فریشتەکانیان ناکەن. ئینسان بوونەوەرێکی وەها لەخۆبایی و مەغرورە، نیوەی ڕۆحی وشکدەبێتەوە و دەمرێت، بەڵام نە هەستیپێدەکات، نە دەیبینێت، نە پێیدەزانێت. هۆی ئەوە هیچ نییە، جگە لە بێباکیی مرۆڤ و غروریی. وەک جانەوەرێکی بێباک، تەنها بۆ ساتەوەختێکی کورت دەژی و بیردەکاتەوە، هەموو شتەکان لەو ساتەدا کورتدەکاتەوە، کە تێیدا دەژی. ئینسان لەم دەمانەی ئێستادا بەجۆرێک دوای هێز و فریوی شتەکانی تر کەوتووە، ئەوەی بیرچۆتەوە، کە هێزێک لەناو خۆیدا هەیە دەتوانێت ڕێگای تری پیشانبدات. ئینسان بێ بیرکردنەوە وەک بوونەوەرێکی گەمژە دەکەوێتە بەر فریوی شتەکانی دونیا. تەنیا شتێک، کە ئیتر نایجوڵێنێت و نایبینێت و هەستیپێناکات، دەنگەکانی ناخی خۆیەتی.)) (عەلی،٢٠١٢: ٥٣٠)، فریشتەکان هێمای لایەنە قووڵ، ڕەسەن،


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

یان ئەخلاقییەکانی مرۆڤ دەکەن، کە لە ژێر گوشاری ژیانی مادییانەدا کاڵ بوونەتەوە، ئەمەش دەسەڵاتی بێباکیی مرۆڤ وەک هۆکاری سەرەکی مردنی ڕۆح دەستنیشان دەکات.

مرۆڤ بەهۆی غرورەوە پێی وایە، کە بە بێ ئەم لایەنە قووڵەش دەتوانێت بژی، یان ئازار و قەیرانەکان بە ئاسانی تێدەپەڕێنێت، هەربۆیە کاتێک ژیان لە ساتەوەختدا کورت دەکرێتەوە، مانا و ئامانجی درێژخایەن ون دەبن. مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بێ ئامانج مامەڵە دەکات، ئەمەش گوزارشت لە قەیرانی بوونی مرۆڤی هاوچەرخ دەکات، کە تووشی نەخۆشیی "نەبینین و نەبیستنی خود "بووە. بێباکی و سەرقاڵبوون بە شتە ڕووکەشەکانەوە، وایلێکردووە نیوەی ڕۆحی بمرێت و توانای دۆزینەوەی ئەو هێزە ناوەکییەی، کە دەتوانێت مانای ڕاستەقینەی ژیانی پێ ببەخشێت، لە دەست بدات.

ڕووداو و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی هەرکام لە مرۆڤ و فریشتەکان، بەجۆرێکە، کە هەست و بیرکردنەوەی خوێنەران بۆ یەک بەیەکی کەسایەتییەکان کەمەندکێش دەکات. فڕینی بەردەوام و ڕۆژانەی فریشتەکان و جیابوونەوەیان لە ناخی مرۆڤەکان، ئەو ڕووداوە هەمیشەیی و دووبارەیەی ڕۆمانەکەیە، کە نوسەر مەبەستی تایبەتی لە سازاندنیاندا هەبووە و وەک ئاماژەیەک بۆ ڕۆحی شەڕەنگێزی و خراپەکارانەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگای ڕۆمانەکە. برینداربوونی فریشتەکان، بە برینی سەخت و چارەسەرنەبوو، دیسان ئاماژەی دیارە بە دۆخی خراپ و شێواوی مرۆڤەکان. ئەو مرۆڤانەی، ڕۆژانێک لە پێناو خەونی پەپولەیی و ڕەخساندنی هەلی ژیانکردنی یەکسان و خۆشگوزەران بۆ سەرجەم تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەی، کە کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاری و دەستنیشانکراو، خەباتیان لەپێناودا دەکرد و هیوا و ئامانجیان دروستکردنی کۆمەڵگایەکی فریشتەئاسابووە بۆ مرۆڤەکان، کەچی ڕۆژ نییە فریشتەکان بەهۆی ڕەفتاری بەد و تاوان و خیانەتی مرۆڤەکان لە شۆڕش و هاوڕێ و هاوخەبات و هاونەگبەتەکانی خۆیانەوە، پۆل پۆل، لە مرۆڤەکان جیانەبنەوە.

لە جوگرافیایەکی دیکەی ڕۆمانەکەدا، کۆمەڵێک مرۆڤی دیکەی فریشتەئاسا و فریشتەناس، شوێنێکی تایبەت بە کۆبوونەوەی فریشتە هەڵهاتووەکان و چارەسەر و تیمارکردنی برینەکانیان دروستدەکەن، بەڵام گرفتی بچوکی شوێنەکە و تیمارنەبوونی برینە قورسەکانیان، دیمەنێکی دووبارە و گێڕانەوەیەکی بەردەوامی ناو ڕۆمانەکە دەنوێنێت. کەواتە کەشتیی فریشتەکان: شوێنی ئەو فریشتە بە ئازارانەیە، کە خاوەنەکانیان وەڵامی باشی و خۆشییان نادەنەوە.

کەشتیی فریشتەکان یەکێکە لە ڕۆمانە گرنگەکانی بەختیار عەلی، بۆ تێگەیشتنی ئێمە لە قۆناغی شۆڕشی کوردی لە سەدەی ڕابردوودا. گێڕانەوەکانی ئەو قۆناغە هەمیشە گێڕانەوەیەکی فووتێکراوی حەماسیی بێینەما بووە. هەمیشە ئەو دیوە ژیاندۆستییە جوانە پیرۆزەمان پیشان دراوە کە قارەمان و شۆڕشگێڕەکانی دوێنێمان چ ئەفسانەیەکیان بۆ خوڵقاندووین! لە کاتێکدا کەشتیی فریشتەکان لێدانە لەو پیرۆزییانە، ئەو دیوەی قۆناغی شۆڕشە، کە مەرگدۆست و وێرانکەر و شەرمەزارکەرە.

ڕۆمانەکە لە ڕێگەی وەفای ڕەفعەت بەگەوە چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. وەفا وەک لاوێکی خوێنگەرمی تووڕە دەچێتە ناو شۆڕشەوە. ئەو خەونی گۆڕینی دونیایەتی. وەفا لەو تاکانەی ناو دونیای ئێمەیە کە ویست و خەونی گۆڕینی دنیا لەناو دەمارەکانی جەستەیاندا لێدەدات، وەک خوێنە و جەستە گەرم دەکاتەوە.

کەشتیی فریشتەکان، کەشتیی ئەوکەسانەیە کە فریشتەکانی ناو ناخیان لەتاو فەرامۆشکردنیان هەڵدێن لە دەستیان. ئەو کەسانەی، کە میهرەبانی لە ناخیاندا بزر بووە و تەنها شەیتانەکەی

ناو ناخیان چالاکە. لە ڕۆمانەکەدا دڕندەیی هەم سەرانی بەعس و هەم سەرانی شۆڕش پیشان دەدات، واتا دوو جەمسەری دژبەیەک، دیکتاتۆر و شۆڕشگێڕ. پێمان دەڵێت چاکە و خراپە حوکمێکی میتافیزیکی نیە بەسەر جەمسەرێکیاندا سەپابن، دەشێت چاکە و خراپە تێکەڵەیەک بێت لە هەردووکیان. واتا دیوێکی گرنگمان سەبارەت بە دیکتاتۆر و دژە دیکتاتۆر پیشان دەدات، بەوپێیەی مەرج نییە هەموو جارێک دژەدیکتاتۆر بوونەوەرێکی پاک و بێگەرد بێت، دەشێت خودی دژەدیکتاتۆر خۆی دیکتاتۆرێکی گەورە بێت. ((بەڵام هەندێک هەن....لەناکاو هەست بە دەلاقەیەکی گەورە لە ڕۆح و ژیانیاندا دەکەن. هەستدەکەن شتێکیان هەبووە لەدەستیانداوە، ئەو هەستکردنە وادەکات، گەر لە خەویشدا بووە، گەر لە ساتەکانی بێئاگایشدا بووە، بیر لەوە بکەنەوە، کە دەبوو ژیانێکی تر بژین، کە دەبوو ڕێگایەکی تر بگرن، کە دەشێت شتێکی تریان بکردایە...بەڵام مرۆڤ تا وای لێ نەیەت، تەواوی ژیانەکانی تر و دونیاکانی تر و مرۆڤەکانی تر لەبیربکات، فریشتەکەی ناو ناخی نامرێت. لەو جێگایەدا، کە مرۆڤ مرۆڤی خۆشدەوێت، کە ژیان خاڵییە لە دڵڕەقیی، سەرشار و لێوانلێوە لە هەستی برایەتیی و ئەڤین، فریشتەکان فشارێک لە مرۆڤ ناکەن. ئاسودە و وەک ئەندامێکی دیکەی سروشتیی، لەناو مرۆڤدا دەژی. فریشتە کاتێک لە مرۆڤ دەترسێت و دەیەوێت لێیڕابکات، کە لە ساردیی و دڵڕەقیی و پوچیی ژیاندا نوقمبوو. بەڵام کاتێک مرۆڤ لە خواستە بچووکەکانی خۆیدا خنکا، ئیتر فریشتەکان دەبێت بڕۆن...)) (عەلی، ٢٠١٢: ٥٣١)، ئەمە وەک وەک دەقێکی ڕەخنەیی، ئەوەمان نیشاندەدات، کە ڕزگاریی مرۆڤ لە مردنی ڕۆحدا دەست پێدەکات. بە هۆشیاربوونەوەی لەناکاو بە بژاردەیەکی تری ژیان. بەڵام، مانەوەی ڕۆح (فریشتە)، بەندە بە کرداری مرۆڤدۆستانە، خۆشەویستی و ڕەتکردنەوەی خۆپەرستی و پووچی .کاتێک ژیانی مرۆڤ تەنیا دەبێتە کورتکراوەی خواستە مادییەکان و دڵڕەقی، ئەوا فریشتە (بەها ئەخلاقی و ڕۆحییەکان) بە یەکجاری جێی دەهێڵێت.

وەفای ڕەفعەت بەگ، ناوە دیار و هەمیشە ئامادەکەی ناو ڕۆمانەکەیە. بۆخۆی گێڕەرەوە و پاڵەوانی هەر سێ بەرگی ڕۆمانەکەیە. کەسایەتییە دیارەکانی دیکەی وەک (نزار ئیدریس، لیڤیتانت هۆمەر بۆتانی، نەغەدە ماردینی، دکتۆر موستەفا شوکاک)، ناوی هەر فریشتەیەکیش، لە ناوی خودی ئەو مرۆڤەوە وەردەگیرێت، کە پێشتر ئەم فریشتە لە ناخیدا ژیاوە. بۆنموونە (مەهدائیل، میزرائیل، )

هەستەکانی (چاکە، خراپە)، یەکێتییەکی دوو دژ لە ڕۆمانەکەدا دەنوێنن. تەواوی گێڕانەوەکان، لە دەوری هەرکام لەم دوو بوارەدا دەخولێنەوە. چاکە چییە؟ فریشتە و ڕەفتاری فریشتەکان وەڵامدەدەنەوە. خراپە چییە؟ مرۆڤەکان و کردەوە و ڕەفتارەکانیان، وەڵامدەدەنەوە. چۆن دەتوانیت هەستێکی باش و چاک، یان خراپ و دزێوت هەبێت. باشەکان بۆ باشن؟ چۆن باشن؟ ئەی خراپەکان؟ چ کاتێک خراپە دەکرێت؟

پلۆتی ڕۆمانەکە، بەجۆرێکە، کە تەواوی ڕووداو و کەسایەتی و بەسەرهات و مەبەستە ئاشکرا و شاراوەکانی نوسەر، بەشێوەیەکی هونەرمەندانە تێدا چنراوە. بۆنمونە: ((چیرۆکی یەکترناسینی (نزار ئیدریس) لەگەڵ (لیڤیتانت هۆمەر بۆتانی)، مێژوویەکی درێژی هەیە. یەکەمین یەکتربینینیان دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵێك بەر لە دەرکەوتنی (نەغەدە ماردینی) لە ژیانی هەردووکیاندا...)) (عەلی، ٢٠١٢: ١)، لە کتێبی سێیەم و لەسەر زمانی نەغەدە ماردینییەوە: ((سەرەتاکانی ئەم کتێبە گەورەیەی بەردەستتان، لەو شەوە تاریکانەوە سەرچاوەیگرتووە، کە هەردوو ئەو پیاوە هەوڵیاندەدا چیرۆکی ژیانی من هەنگاوبەهەنگاو و ڕۆژبەڕۆژ بنێنەوە بەیەکەوە)) .(عەلی، ٢٠١٧: ٧٧)، کەواتە پلۆتی ڕۆمانەکە، بە شێوەیەکی کلاسیکی یەک-هێڵی

نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای گێڕانەوەی کاتی پچڕپچڕ بنیاتنراوە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تەوەرە مێژووییەکانی ڕۆمانەکەوە هەیە، گواستنەوەی کاتیش لێرەدا ڕەتکردنەوەی ئەوەیە، کە دەوترێت: مێژوو بە شێوەیەکی هێڵی و زنجیرەیی دەڕوات .لەبەرامبەر ئەوەدا، ڕۆمانەکە نیشانیدەدات، کە ڕووداوەکانی ڕابردوو و داهاتوو لەسەر ئێستا کار دەکەن.

بەشێکی زۆری ئەم گێڕانەوانە، لەگەڵ پیشاندانی چەند ڕەگەزی دیکەی وەک (هەژاری، شیعر، یاخیبون، هاوکاری، درۆکردن، عیشق و قوربانیدان لە پێناویدا، سیاسەت، ...هتد)، لە گێڕانەوەکانی باسەکانی ڕۆمانەکەدا بەرچاودەکەون. هەروەها بیرۆکەی کات و گۆڕانی کات، چۆن مرۆڤەکان لە فریشتەوە دەکات بە دژە فریشتە، چۆن لە ناخێکی پاکەوە، دەیانگۆڕێت بۆ مرۆڤگەلێک، کە چیدی جێگای هەست و کاری باشەی تێدانەبێتەوە.

نوسەر لەم ڕۆمانەیدا چەمکی (شۆڕش)، بە تەواوی واتا نزیک و دوورەکانییەوە، دەخاتە ژێر تاقیکردنەوەی ڕووداوە مەبەستدار و بێمەبەست و کاتییەکانی ناو ڕۆمانەکەوە. واتە هەندێک لە ڕووداوەکان بە خواست و مەیلی تایبەتی نوسەرەوە هێنراونەتەوە و هەندێکیشیان ڕەوتی گۆڕانکاری و تەنانەت پێویستیی بۆ کەسایەتی و ڕووداوەکانی دیکە و گێڕانەوە دەیانهێنێتە ناوەوە.

پەیوەندیی سۆزداری(نەغەدە ماردینی و نزار ئیدریس)، دەسەڵاتی سیاسی، حەز بۆ نوسین و مەیل بۆ شیعر، جەنگ، هەستە ناوەکییەکانی مرۆڤ، مردن و سەرنجەکان لەسەر دوالیزمی ژیان و مەرگ، هێزی باشە(فریشتەکان) و هێزی خراپە(مردن و جێهێشتنی فریشتەی مرۆڤەکان)، ململانێی بەدەستهێنانی مەعشوق، خیانەت و چێژ، شەڕی نەتەوەخوازی و خیانەتی نیشتیمانی(وەفای ڕەفعەت بەگ)....هتد، ئەمانە و چەندین مەبەستی دیکەی ناو ڕۆمانەکە، نوسەر لە ڕێیانەوە هەوڵی بەکارهێنانی هەرکامیان لە گۆشەنیگای بنەماکانیانەوە دەدات، تا لەپێناو مەبەستە سەرەکییەکانی خۆیدا بەکاریانببات و ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، بۆ نمونە پەیوەندییەکانی:

- عیشق چییە بە شۆڕشەوە؟
- نیشتیمان چییە بە شۆڕشەوە؟
- خیانەت چییە بە شۆڕشەوە؟
- گێڕانەوە چییە بە مێژوو و شۆڕشەوە:

((دەمێک حەقیقەت ناشرین بێت، چیرۆک تەنیا جێگایە جوانیی تیا بشارینەوە))(عەلی، ٢٠١٣: ٥٦٨)

- ژیان و مردن لەکوێی شۆڕشدان؟ چەمکی ئەمانە لە ڕوانگەی ئاین و خودا و شەیتانەوە چی دەگەیەنن؟ نوسەر لە ڕۆمانەکەیدا بەم جۆرە دەیگێڕێتەوە: ((گەر سەد هەزار کەس لە جەنگدا بمرن، کاری خودایە، بەڵام گەر ژنێک دەرپێکەی داکەند، کاری شەیتانە..)) (عەلی، ٢٠١٣: ٣٦٥). ئەمە جەخت لەسەر ئەو نێواندژییە دەکاتەوە، کە تێیدا تاوانی گەورە (مەرگی سەدان هەزار کەس) بە بیانووی ئایینی یان چارەنووس قبوڵ دەکرێت، لە کاتێکدا کردارێکی تاکەکەسی (دەرپێ داکەندنی ژنێک) دەکرێتە سمبولی خراپە و شەیتان، لێرەدا، "کاری خودا" وەک پاکانەیەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بەکارهاتووە بۆ شاردنەوەی تاوانکاری مرۆڤ، کاتێک جەنگ و مەرگی بەکۆمەڵ بە "چارەنووس" یان "ویستی خودا" دادەنرێت، بەرپرسیارییەتی سیاسی و ئەخلاقیی سەرکردە و سیستەمەکان (کە هۆکاری جەنگەکە بوون) دەسڕێتەوە. ئەمە میکانیزمێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە دان بەوەدا نەنێت کە ئەم تاوانانە بەرهەمی بڕیارەکانی مرۆڤ

خۆیەتی و قوربانییەکان ناچار دەکات بە بێدەنگی مەرگی خۆیان قبوڵ بکەن و پرسیار نەکەن لەسەر مانا یان هۆکاری ئەو مەرگەساتە.

هەروەها سیستەمی ئەخلاقی زاڵ، تاوانی گەورەی وەک مەرگی بەکۆمەڵ پشتگوێ دەخات، بەڵام هەموو هێزی ئەخلاق و ئایینی خۆی دەخاتە سەر کردارێکی سێکسی و تاکەکەسی ژنێک. ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە ئەخلاق لەم کۆمەڵگەیەدا تەنها لە چوارچێوەی ڕەفتاری سێکسی ژندا کورت کراوەتەوە و بەکارهێنانی "شەیتان" بۆ کردارێکی ئازادی سێکسی، بەکارهێنانی ئایینە بۆ قەدەغەکردنی هەر ئازادییەکی تاکەکەسی، بە تایبەت بۆ ژنان، ئەمەش نێواندژییەک دەخاتە ڕوو، کە مەرگی سەد هەزار مرۆڤ وەک ئاسایی و قەدەر قبوڵ دەکرێت، لە کاتێکدا ئازادیی تاکەکەسی و جەستەیی ژنێک وەک قەیرانێکی ئەخلاقی گەورە دەبینرێت، کە هەڕەشە لە بوونی کۆمەڵگە دەکات، ئامانجی نووسەر لێرەدا ئەوەیە، کە دەیەوێت بڵێت: سیستەمی ئەخلاقیی کۆمەڵگەی ئێمە بە تەواوی هەڵگەڕاوەتەوە. گرنگیی بەو شتانە دەدات، کە بچووکن و لایەنە ڕاستەقینەکانی دڵڕەقی و تاوان (جەنگ و مەرگ) پشتگوێ دەخات.

سیاسەت و شۆڕش، هێزە سیاسییە کوردییەکان و ئاست و ڕادەی تێگەیشتن و مەبەستیان لە شەڕی چەکداری و هەوڵدانی بەناو شۆڕش، وێنەکێشانی فۆرم و دەرکەوتنی ئێستای ئەم هێزانە لە لای نوسەر، کە لە چاوی کارمەندی ئاسایش و هێزە بەناو شۆڕشگێڕە کۆنەکاندا، دەیاننەخشێنێت، وەک چۆن دەڵێت: کارمەندە تازەکانی ئاسایش، ئەوانەی چاویلکەی ڕەش و کراسی سپییان لەبەربوو، ئەوانە نەوەی سێیەمی دەزگاکانی ئاسایش بوون، ئەمانە نەدەژیان، بەڵکو نمایشی ژیانیان دەکرد، لە زۆر جێگای دیکەدا، گێڕانەوەی جیاواز و هەمەڕەنگ پەیوەست بە سیاسەتەوە دەبینییەوە، بۆنمونە ((تاقە مرۆڤێک لە پیریدا ویقار و حورمەتی خۆی زۆر دەدۆڕێنێت، سیاسییەکانن...)) (عەلی، ٢٠١٣: ٨٩٢)، لە زۆربەی کولتوورەکاندا، بە تایبەتی لە کولتووری کوردیدا، پیری بە شێوەیەکی گشتی هاوشانە لەگەڵ دانایی، ئەزموون و ویقار، چاوەڕوان دەکرێت کەسێکی بەتەمەن کەمتر هەڵەی بچووک بکات و زیاتر ڕەوشت و ئارامی بپارێزێت، بەڵام سیاسییەکان لەبری ئەوەی بەهۆی تەمەنیانەوە زیاتر دانایی و حورمەت بەدەست بهێنن، بە پێچەوانەوە زۆرترین دۆڕاندنی ویقاریان هەیە، چونکە سیاسەتکارەکان لەبری خزمەتکردن، بیر لە مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا دەکاتەوە، تەنانەت گەر بە زیانی ئەخلاق و حورمەتی خۆیشی بێت. هەربۆیە سیاسەتکار بەردەوام ناچارە درۆ بکات، بەڵێنی درۆ بدات و ڕووی خۆی بگۆڕێت بەپێی بەرژەوەندییەکان. ئەم کردارە دووبارەیە، بە درێژایی تەمەن، بەشێوەیەکی سیستەماتیک ڕەوشتی کەسایەتییەکەی دەدۆڕێنێ، لەبەرئەوەی زۆرێک لە سیاسییە بەتەمەنەکان بەشێوەیەکی چڕ پەیوەست دەبن بە دەستکەوت و گێڕانەوەی مێژوویی خۆیانەوە .لە پیریدا، ترسی لەدەستدانی دەسەڵات یان تێکشکانی میراتەکەیان وایان لێدەکات، کە بڕیاری نالۆژیکی و نائەخلاقی بدەن بۆ مانەوە. ئەم بڕیارانە ویقار و حورمەتیان دەدۆڕێنێت. کەواتە ئەمە ڕەخنەیەکی قووڵە لەوەی، کە چۆن سروشتی خەبات بۆ دەسەڵات و بەردەوامبوون لە سیاسەتدا، تەنانەت لە تەمەنی پیریشدا، دەتوانێت بەهای ویقار و دانایی لەناوبەرێت و سیاسییەکان بکاتە ئەو کۆمەڵە تاکەی کە زۆرترین دۆڕاندنی ئەخلاقییان هەیە.

هەروەها پەیوەندیی حەز و عیشق و مەبەستی پەنهان و شاراوە، ((دەبێت بڵێم یەکێک لەو ڕێگایانەی دەتوانین مرۆڤێکی لەوی دی پێ جیابکەینەوە، شێوەی ڕوانینیەتی بۆ شتی مەزن. هەندێک هەن تەنانەت جوانیی ژنێکیش بە مەزن دەزانن، دەبن بە کۆیلەی و لەبەردەمیدا دەنووشتێنەوە و خۆیان لە ئاستیدا وەک سەگ و عەبد و پێڵاو وەسفدەکەن... ))

(عەلی،٢٠١٧: ٣٠)، کەواتە نرخی مرۆڤ بەندە بەو شتانەوە، کە بە مەزنی دەزانێت و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو مەزنییەدا .ڕوانینی ڕووکەش بۆ جوانی و سەربەخۆیی مرۆڤ، دەبێتە هۆی دارمانی ئەخلاقی و سایکۆلۆژی و بەرهەمهێنانی کۆیلەیەکی خۆویست لەناو پەیوەندییەکاندا، ئەم شێوە ڕوانینە، بەهای مرۆڤ یان پەیوەندی، لە قووڵایی، عەقڵ و ڕەوشتەوە کورت دەکاتەوە بۆ ڕووکەشی کاتی و مادی، ئەمە نیشانەی فیکری کۆیلایەتی کولتوورییە، کە بەهای مرۆڤایەتی لە ڕووی دەرەکییەوە دەبینێت. هەربۆیە هەڵبژاردنی مرۆڤ بۆ شتی مەزن و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵیدا، پێوەرێکی ڕاستەقینەیە بۆ ناسنامەی کەسایەتییەکەی.

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا دەڵێت: ((هەندێک پیاو هەن لەو ڕاستییە تێناگەن، کە ناکرێت بەردەوام پەسەندترین و دڵخوازترین و بەهێزترین بن. زۆرجار کە خانمێک قەبوڵیان ناکات بە جۆرێک وێنەیان لەلای خۆیان دەکێشێت و بەشێوەیەک هەست بە شکستەکەن لەگەڵیدا دەبن بە دڕندەیەکی ترسناک. ئەمانە دڕندەترین و ناشرینترین جۆری پیاون.)) (عەلی، ٢٠١٧: ٦٤١)، ئەمە بە وردی ئەوە نیشاندەدات، کە چۆن گرێی پیاوسالاریی ژەهراویی وا لە هەندێک پیاو دەکات، کە نەتوانن ڕەتکردنەوە وەک بەشێکی ئاسایی ژیان قبوڵ بکەن. لە ئەنجامدا، کاتێک شوناسی پیاوانەیان دەشڵەژێت، لە مرۆڤەوە دەگۆڕێن بۆ هێزێکی وێرانکەر و توندوتیژ کە مەبەست لێی سەپاندنی دەسەڵاتی پیاوە لەسەر ژنەکە، دڕندەیی لێرەدا دەکرێت بریتی بێت لە توندوتیژیی قسەیی، هەڕەشە، یان توندوتیژیی جەستەیی، ئەمەش هەوڵێکە بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی ئەو زاڵبوونەی، کە لە دەستیان داوە، چونکە ئەم جۆرە پیاوانە وێنەیەکی نادروست و هەڵئاوساوی لە خودیان هەیە، کە هەمیشە دەڵێت: من شایستەی ڕەتکردنەوە نیم.

هێزی چاکە و خراپە، توانای مرۆڤ لە هەڵبژاردنی هەرکام لەو هێزانەدا، هەروەها - ژیان و مرۆڤدۆستی و هاوکاریی هەژار و لێقەوماوان لەو شوێنەیدا، کە دەڵێت: ((گەر مرۆڤ خۆی بەرپرسی ڕاستەوخۆ نەبێت لەهەموو شتێک، شتێک نابێت ناوی ئەخلاق بێت. ئەی چۆن عەزیزم خۆ ئەخلاق ئەوەنییە، کە پیاوی ئەم شارە شیفتەی بوون، ناو لنگی ئافرەت...ئا.. من دڵنیاتدەکەمەوە ئەوە ئەخلاق نییە...ئەخلاق ئەوەیە گوێت لە هاواری ئینسان بێت و بچیت بەدەنگییەوە.)) (عەلی، ٢٠١٣: ٥٦٣).

مرۆڤ سەربەستە لە هەڵبژاردن و ئەم ئازادییەش وای لێ دەکات، کە بەرپرسیارێتی تەواو هەڵبگرێت لەسەر هەموو هەڵبژاردن و کردارەکانی، نەک تەنیا بۆ خۆی، بەڵکو بۆ مرۆڤایەتیش، ئەگەر مرۆڤ بەرپرسیار نەبێت، ئەوا کردەوەکانی تەنیا بەرهەمی چارەنووس، یان هێزێکی دەرەکی دەبن و لەو حاڵەتەدا هیچ پێوەرێک بۆ حوکمدان (ئەخلاق) نامێنێت. بۆیە، بوونی ئەخلاق بەندە بە بوونی بەرپرسیاریەتیی ڕاستەوخۆی خودەوە. لە کۆمەڵگەدا، ئەخلاق زۆرجار بە شێوەیەکی نارەوا لە چوارچێوەی ڕەفتاری سێکسی ژندا کورت دەکرێتەوە، لێرەدا نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەمە تێگەیشتنێکی ساختە و سەرپێییە. ئەخلاقێکی ڕاستەقینە نابێت تەنیا چاوی لەسەر لنگی ئافرەت بێت، لە کاتێکدا پێشێلکاری و تاوانی گەورەتر لە دەرەوە ڕوودەدەن، هاواری ئینسان" (هاواری قوربانی، لێقەوماو، یان چەوساوە) نوێنەرایەتی پێویستییە گەورە و گشتییەکان دەکات (وەک دادپەروەری، ئازادی، یان یارمەتی)، ئەخلاق ڕاستەقینە بریتییە لە هەستکردن و کاردانەوەی چالاکانە بەرامبەر بەو هاوارە. ئەمە پێویستی بە خۆبە پرسیارزانین هەیە، ئەخلاق لێرەدا دەبێتە کردارێکی ڕزگارکەر، نەک تەنها کۆنترۆڵکەر،


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

کەواتە دەبێت ئەخلاق لە چەمکی کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژن دەربهێنرێت و بکرێتە چەمکی یارمەتیدانی چالاکانەی مرۆڤی چەوساوە، چونکە ئەخلاقی ڕاستەقینە بریتییە لە گوێگرتن لە ئازاری ئەوی تر و کاردانەوە بەرامبەری، نەک لە بێدەنگی و دووروویی.

هەروەها گێڕانەوەی ئەو بارودۆخەی، کە تێیدا فریشتەکان وێنای کام بەشە لە مرۆڤەکان دەکەن، ((فریشتەکان سێبەری ڕۆحی نائومێدی ئینسانەکانن...))،(عەلی، ٢٠١٧: ١٤٩)، فریشتە و بەها باڵا ڕۆحییەکان، نەک سەرچاوەی ئومێد، بەڵکو دەرئەنجامی نائومێدیی گەورەی مرۆڤن .مرۆڤ بۆ ئەوەی نەچێتە ناو پووچیی تەواوەتییەوە، بەشێک لە نائومێدییەکەی دەگوازێتەوە بۆ بوونێکی خەیاڵی و پاک (فریشتە)، تا لە ڕێگەی ئەوەوە بتوانێت بەردەوام بێت لە ژیاندا. هێنانەوەی وشەی نائومێد، وەک پەسنکردن، بۆ ئەو بارودۆخە تایبەتی مرۆڤ، ئاماژە بە ناوەڕۆکە زمانەوانییەکەی وشەی نائومێد دەدات، کە خۆی لە خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ دڵتەنگی و بێزارییەکی زۆر، لە ئەنجامی ئەو چاوەڕوانییە باشانەی، کە هەبوون و ئێستا هەموو هەڵوەریون، پاشان گێڕانەوەی ئەو دۆخە ژیانییەی ئینسان، لەو حاڵەتانەی، کە زۆرجار بە ناچاری توشیان دەبین، یان ڕووبەڕوویان دەبینەوە، بۆنموونە تەنهایی، دڵتەنگی، بیرکردن، ئازار، بێئومێدی.... بۆ ئەوەیش نوسەر بەم جۆرە ئاماژە و گوزارشتیان لێدەکات و دەیگێڕێتەوە: ((هەندێک شەو لە ژیانی ئادەمیزادەکاندا هەیە، دەبێتە دەلیلێکی گەورە، کە داهێنانی زمان چ کردارێکی پوچە))(عەلی، ٢٠١٣: ٥٨)، ئەمە جەخت لەسەر ئەو ساتە قووڵانەی ژیان دەکاتەوە کە تیایدا مرۆڤ تووشی ئەزموونێک دەبێت، کە زمان ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات. ئەمەش داننانە بەو ئەزموونە مرۆییە قووڵانەی، کە هەمیشە لە دەرەوەی چوارچێوەی وشەکاندا دەمێننەوە.

بەجۆرێکی دیکە هەمان سەرنج و ڕوانینی خۆی دەردەبڕێت و دووبارە دەکاتەوە، وەک ((هەندێک شەو هەن تەنیا لە یادەوەریدا هەڵدەگیرێن. نە وشە دەتوانێت وەسفیان بکات، نە ڕستەی ئاسایی دەتوانێت بیانپارێزێت، نە وێنە دەتوانێت تەواوی هەستەکانیان بگوازێتەوە...)) (عەلی، ٢٠١٧: ٧١)، ئەمە جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە، کە هەندێک ئەزموون (شەو) هێندە قووڵ و بێسنوورن، کە لە دەرەوەی توانا و چوارچێوەی هەموو ئامێرێکی گەیاندنی دەرەکیدا دەمێننەوە و تەنیا لەناو فەزای ناوەکی (یادەوەری)دا دەپارێزرێن، چونکە هیچ فۆرمێکی دەرەکی (وشە، ڕستە، وێنە) ناتوانێت گوزارشتی تەواوی ئەزموونەکە بکات، مرۆڤ ناچارە ئەزموونەکە لە فەزای ناوەوە (ناخ)دا بپارێزێت. مرۆڤ لێرەدا دەگاتە ئەو قەناعەتەی، کە هەندێک لە قووڵترین و گرنگترین ئەزموونەکانی ژیان، بەهۆی سروشتی بێسنوورییانەوە، ناچارن تەنیا لەناو فەزای تەنیایی خوددا بپارێزرێن.

هەروەک لە باسی دڵتەنگیی دوای نائومێدیدا دەڵێت: ((لە دونیادا لە پیرێکی دەوڵەمەند بەدبەختتر نییە. مرۆڤە باشەکان لێی دوور دەکەونەوە، تا کەس نەڵێت تەماحیان لە سامانەکەیەتی. مرۆڤە خراپەکانیش دەوری دەگرن، کە خۆی دەزانێت لەچی دەگەڕێن و مووشەی چییان کردووە...)) (عەلی، ٢٠١٧: ١٤٢)، بەدبەختییەکە لێرەدا بەهۆی نەبوونی پەیوەندیی ڕاستەقینەوەیە، سەروەت وای لێ دەکات، کە پیرە دەوڵەمەندەکە ناتوانێت متمانە بە هیچ کەسێک بکات .هەموو ستایشێک، خزمەتێک، یان سۆزێک وەک گومانێکی شاراوە دەبینێت، چونکە هەمیشە ترسی ئەوەی هەیە، کە بۆ سامانەکەی بێت، مرۆڤە باشەکان بۆ پاراستنی شوناس و حورمەتی ئەخلاقیی خۆیان، خۆیان لە پیرە دەوڵەمەندەکە دوور دەخەنەوە. ئەوان نایانەوێت تەماحیان لە سامانەکەی بدرێتە پاڵ، چونکە پاکی نیازیان لەلای ئەوان لە

سامان گرنگترە، ئەم دوورکەوتنەوەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بێبەشکردنی پیرەکە لە هەر پەیوەندییەکی ڕاستەقینە و ئاسایی، مرۆڤە خراپەکانیش نوێنەرایەتی پەیوەندیی فریودەر و سوودپەرستی دەکەن. ئەوان لەسەر بنەمای تەماح لە سامانەوە نزیک دەبنەوە، کەواتە پیرە دەوڵەمەندەکە لە دۆخێکی نێواندژیدا دەژی: خاوەنی هەموو شتێکە (مادی)، بەڵام بێبەشە لە تاکە شتێکی گرنگ، کە پەیوەندیی سۆزداریی بێ تەماحە. ئەم دۆخەش وای لێ دەکات ببێتە بەدبەختترین مرۆڤ.

سەرجەمی ئەم گێڕانەوانە و چەندین ڕووداوی بچوک و گەورەی دیکەی پەیوەندیدار، لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا، خوێنەر بەردەوام بەریان دەکەوێت و هەمیشە جۆرێک لە هەیەجان و زیندوێتی بە ڕەوتی گێڕانەوە و پەسنکردنە زۆرەکانی نوسەر بۆ یەک بەیەکی بەشدارانی ناو ڕۆمانەکە، دەبەخشن.

کەشتیی فریشتەکان بەستنەوەی سەرنجی چاکە و خراپە بە سەرچاوەیەکی ئاینییەوە، چونکە نوسەر ئاگاداری سەرچاوە و دیاریکردنی هۆکارەکانی باشە و خراپەیە، کە لە کۆمەڵگاکەیدا دەبەسترێتەوە بە ئاینەوە، بۆیە ئەم لایەنەیش لە ڕۆمانەکەدا فەرامۆشنەکراوە و بابەتی تایبەت بەو لایەنەش گێڕاونەتەوە، هەر وەک چۆن لە شوێنێکدا دەڵێت: ((مەلاکان وا دەکەن مرۆڤ گەورەیی خودای بیرنەچێتەوە. پیاوانی ئاسایش وادەکەن مرۆڤ بچوکیی خۆی لەبیرنەکات...مەلایش وەک یەکێک لە ئایکۆنەکانی ئاین لە کۆمەڵگادا وێنادەکات.))(عەلی، ٢٠١٣ :٢٨٣)، مەلا وەک نوێنەرێکی ئایینی (ئایکۆنی ئایین) لە کۆمەڵگەدا، گوتارێکی زاڵ دەگەیەنێت، کە تیشک دەخاتە سەر باڵادەستیی خودا، لە ئەنجامی ئەم دوو گوشارەدا، تاک ناچار دەبێت بەردەوام هەست بە بچووکی و بێدەسەڵاتی بکات، ئەمەش ڕێگەی دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردنی مرۆڤەکە ئاسانتر دەکات. مرۆڤی کۆمەڵگە دەبێتە بوونەوەرێکی بێ ویقار، کە لە نێوان ترسی ئاسمان و ترسی زەویدا بەندکراوە.

ئەمە ڕەخنەیەکی توندە لەو پەیوەندییە نائەخلاقییەی نێوان دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی، کە هەردووکیان بە شێوازی جیاواز کار لەسەر شکاندنی نرخی خود و دروستکردنی مرۆڤێکی گوێڕایەڵ و بچووک دەکەن.

باسکردن لە هۆکاری بینینی بوون و شتەکانی چواردەور، لە زۆرترین ڕەهەندەوە، نوسەر دەیبەستێتەوە بە لایەنی مادی و پلە و ئاستی ئابووری، لە گفتوگۆیەکی نێوان وەفای ڕەفعەت بەگ و نزار ئیدریس((تۆ پێم بڵێ، نەوت کە خودا داوێتی بەم میللەتە بەدبەختانە، گەر بۆ دزی نەبێت بۆچییە؟ کۆمەڵێک میللەت کە دوو هەزار ساڵە ئیشیان ئەوە بووە، حوشتری یەک بدزن، بزن و گوێرەکەی یەک بدزن، لەسەر نۆرە ئاو و لەسەر سەرەی ئاش، لەسەر دەرپێی ژن یەکتری قەتڵ و عام بکەن. ئێستا دەتەوێت زەوی هەڵبدەنەوە و نەوت ببینن و نەیدزن ... هاهاها... چ گەمژەیەکی گەر وابیربکەیتەوە. دەزانی لەم وڵاتەدا چەند شەڕی گەورە لەسەر مریشک دزین و کەر گایین و نۆرە ئاو ڕوویداوە کە سەدانی تێدا کوژراوە، ئێستا دەتەوێت زەوی هەڵبدەنەوە و بین بە خاوەنی نەوت و نەیدزن؟ خوایە چ کەرێکی گەورەیت جەنگیز گەر وابیربکەیتەوە. هەمیشە هەر وا سادە و ساویکلە بیرت کردۆتەوە))، (عەلی، ٢٠١٧ : )، ئەمەش جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە، کە کولتوور و مێژووی پڕ کێشەی ئەم کۆمەڵگایانە، وای کردووە، کە نەوت (سەروەتی گەورە) نەک ببێتە سەرچاوەی پێشکەوتن، بەڵکو تەنیا ببێتە هۆکارێک بۆ گەورەترکردنی دزیی و ململانێی بچووک، نووسەر لێرەدا ئەو باسانە دەگێڕێتەوە، کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام لەسەر شتی بچووک و سنووردار بوون (بزن، گوێرەکە،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

نۆرەی ئاو، کێشەی سێکسی/شەرەف)، بەڵام کاردانەوەکان بۆ ئەو کێشە بچووکانە زۆر گەورە بوون، ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە کولتووری زاڵی ناوچەکە بە درێژایی مێژوو، کولتوورێک بووە، کە ڕێز لە بەهای مرۆیی ناگرێت و لەبری دانایی، هەمیشە توندوتیژی هەڵبژاردووە بۆ چارەسەرکردنی بچووکترین کێشەکان، هەروەها سەرچاوە سروشتییە دەوڵەمەندەکان لەبری ئەوەی ببنە هۆی گەشەپێدان، دەبنە هۆی گەندەڵی، ململانێ و پرۆژەی دەسەڵاتداریی توندتر، لێرەدا نووسەر ئومێد بەوەی، کە سەروەت بتوانێت ڕەوشتی خراپی چەند هەزار ساڵە بگۆڕێت، بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە و بە گەمژەیی ناوی دەبات، چونکە ڕاستییە سەختەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئەخلاق و کولتووری زاڵ هێندە بەهێزن، کە سەروەتێکی نوێ ناتوانێت بیانگۆڕێت، بەڵکو تەنیا ڕەنگدانەوەی قێزەونییەکەی گەورەتر دەکاتەوە، کەواتە دژیی نەوت لەم ناوچەیەدا، نەک دەرئەنجامی کەم ئەزموونی، بەڵکو بەرهەمی کولتوورێکی مێژوویی پڕە لە ململانێی بچووک و توندوتیژیی بێ ئەخلاق .نەوت تەنیا بووەتە ئامێرێک بۆ گەورەترکردنی کارەکتەری خراپ، کە پێشتر هەبووە.

لێرەدا نوسەر دوو ئاڕاستەی پێچەوانە و یەکتربڕی یەکتر دەخاتەڕوو، ئەوانیش باکگراوندە کولتووری و ڕەوتە مێژووییەکەی گەلێک(گەلی کورد)، هەروەها ئاڕاستەی دەستوپەنجە نەرمکردن لەگەڵ پیشەسازی و داهێنراوە نوێیەکانی ئامێری دەرهێنانی نەوت و دەستکەوتنی بڕێکی زۆری داهات. لێرەدا دوو ئاڕاستەکە بەریەکتر دەکەون، یان دەتوانیت بڵێیت لەیەک ڕۆحدا ڕوودەدەن. ڕۆحێکی کشتوکاڵیی گەلی کورد، لەگەڵ ڕوانینێکی سەردەمییانەی نەوت و داهات و سەرمایە. بۆیە ئەگەر پێشتر ململانێکان لەسەر ئەرز و ئاو بووبێت و کوشتاری تێدا ڕوویدابێت، ئێستا دەبێت ئەنجامەکان چەند قات بن.

**٢/٢) دیدگای گێڕانەوە**

دیدگای گێڕانەوە بە واتای جیاوازی تێڕوانینی گێڕانەوە دێت، ئەمەش یەکێکە لە لایەنە ئیستاتیکییەکانی ڕۆمانی فرەدەنگی، کە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو دەق، بەتەواوی پشت بە گێڕەرەوە دەبەستێت؛ بەمەش گێڕەرەوە دەبێتە خاوەن دەنگی خۆی و ئازادی ڕەخنە و دووبارە لێکدانەوە و خوێندنەوەی ڕووداوەکان بۆ خوێنەر دادەنێت، بەمەش ئایدۆلۆجیای جیاواز دروستدەبێت و شێوازی گێڕانەوەی زنجیرەیی ڕووداوەکان تێکدەشکێت و دیدی گێڕانەوەی جیاواز دێتە کایەوە، چونکە هەر دیدگایەک وەک چاوێکە، کە خوێنەر لە ڕێگەیەوە جیهانی دەقەکە دەبینێت، هەربۆیە دیدگای گێڕانەوە کاریگەری لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکە دادەنێت.

ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب" بە یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانی جەبار جەمال غەریب دادەنرێت و ڕۆمانەکە باس لە چیرۆکی سەرگەردانی نەتەوەیەک، شوێن، ناسنامە دەکات. بە تایبەتی گرنگی دەدات بە جەفا و ئازاری مرۆڤی کورد، کە لە مێژووی پڕ لە تاوان، قڕکردن و کۆمەڵکوژی قورتار بووە. نووسەر لە نێوان جیهانی ئێستا و ڕابردوودا، لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای جیهاندا هاتوچۆ دەکات.

کاکۆ کوڕێکە بەرهەمی هاوسەرگیری باوکێکی کورد (کە لە ئەنفال ڕزگاری بووە) و دایکێکی ئەرمەنییە، (کە لە کۆمەڵکوژیی عوسمانی ڕزگاری بووە). کاکۆ لە ئەوروپا لەدایک بووە و بە سەرلێشێواوی بەدوای ناسنامەی خۆیدا دەگەڕێت. چیرۆکەکە، گەشتێکە لە خەم و ژان و مەرگەوە بۆ خەم و ژان و مەرگێکی دیکە. ڕۆمانەکە لە چوارچێوەیەکی مێژووییدا دەسوڕێتەوە و بە شێوەیەکی سەرەکی باس لە کێشەی ناسنامەی نەتەوەیی، زامی مێژوویی (جینۆساید)، دەکات.

چیرۆکی سەرەکی ڕۆمانەکە لەسەر ژیانی کاکۆ بنیات نراوە، کە لە ئەورووپا لەدایک بووە، باوکی کاکۆ، ڕزگاربوویەکی کوردە لە کارەساتەکانی ئەنفال و جینۆسایدی کورد. دایکی کاکۆ کچێکی ئەرمەنییە کە خێزانەکەی قوربانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بوون لەلایەن عوسمانییەکانەوە.
تێکەڵبوونی ئەم دوو کارەکتەرە (دایک و باوک)، کە هەڵگری دوو زامی گەورەی مێژوویی جیاوازن، دەبێتە هۆی دروستبوونی کاکۆ، کە لە ناخیدا ناسنامەیەکی پڕ لە پرسیار و گرێکوێرەی لێ دروست دەبێت. کاکۆ نوێنەرایەتی ئەو نەوەیە دەکات، کە لە تاراوگە لە دایکبوون و لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستیی ڕەگ و ڕیشەی خێزانەکانیاندان، کە لەلایەن مێژووەوە تێکشکێنراون.
باوکی کاکۆ، هێمای ئەو زامی نەتەوەییە زیندووەیە، کە بەهۆی کارەساتەکانەوە تووشی شڵەژان و نەخۆشی بووە لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵگری هیوا و عەشقی نەتەوەییە. دایکی کاکۆ، نوێنەرایەتی ژانی مرۆڤایەتی هاوبەش دەکات. تێکەڵبوونی ئەو لەگەڵ پیاوە کوردەکەدا، دەریدەخات، کە ئازارەکان سنووری نەتەوەیی ناناسن، بەڵکو جینۆسایدەکان دوو ڕووی یەک دراون.
چیرۆکی ڕۆمانەکە بە گەشت و سەرگەردانی کاکۆ دەست پێدەکات. ئەو لە وڵاتێکی ئەورووپی گەورە بووە، بەڵام هەست دەکات نامۆیە بەو ژیانە و ناتوانێت لەگەڵ کولتووری ئەوێدا بگونجێت، کاکۆ بەردەوام بەدوای ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیدا دەگەڕێت. ئەو هەوڵ دەدات تێبگات کە چۆن ڕابردووی پڕ لە ئازاری باوک و دایکی، کاریگەری لەسەر ژیانی ئێستای داناوە. کاکۆ، وەک کوڕی دوو قوربانیی پەراوێزخراو، کە لە ئەورووپادا گەورە بووە، نوێنەرایەتی ڕەتکردنەوەی گێڕانەوەی فەرمی دەکات، کاکۆ بەدوای "حەقیقەت"دا ناگەڕێت، بەڵکو بەدوای گرێدانی دەسەڵاتە کولتوورییە جیاوازەکاندا دەگەڕێت، کە کاریگەرییان لەسەر ناسنامەی داناوە. سەرگەردانیی کاکۆ دەبێتە هێمای ناحەسانەوەی ڕۆحی لە سیستەمێکدا، کە ناتوانێت دان بە بوون و ئازاری ئەو نەتەوانەدا بنێت.
نووسەر بە دانانی ناوی "پێنجەمین کتێب" (لەپاڵ چوار کتێبە ئاسمانییەکەدا)، دەیەوێت بڵێت کە ژانی مێژووی مرۆڤی قوربانیدراو، کتێبێکی تری پیرۆزە و نەخوێنراوەتەوە، کە پێویستە جیهان بیخوێنێتەوە و لێیتێبگات. ئەم کتێبە تەنیا کتێبی ژیان وسەرگەردانیی مرۆڤەکانە، ڕۆمانەکە بەردەوام سەرگەردانیی ناخی کاکۆ نیشان دەدات، بەبێ ئەوەی چارەسەرێکی یەکلاکەرەوەی بۆ ناسنامەی بدۆزێتەوە. ئەم سەرگەردانییە خودی پەیامی ڕۆمانەکەیە. ئەو نەوەیەی لە کارەساتەکاندا لەدایک دەبێت، بەردەوام لە دۆخی ناحەسانەوەی ڕۆحیدا دەژی و ڕەنگە هەرگیز نەتوانێت بە تەواوی ڕەگ و ڕیشەی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵکو دەبێت فێر بێت لەگەڵ ناسنامەی تێکەڵاودا بژی.
ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی سەرەکی باسی فەوتانی ناسنامە دەکات. کارەکتەری سەرەکی، کاکۆ، وەک هێمای ئەو تاکە خێزان و نەتەوەییە دێتە پێشەوە، کە لە ئەنجامی کۆمەڵکوژی و جەنگەکاندا، ڕەگ و ڕیشەی لێ ون بووە. سەرگەردانی کاکۆ لە ئەورووپاوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی لایەنی کوردی و ئەرمەنی خۆی.
نووسەر بە یەکەوە چەندین کارەساتی مێژوویی دەهێنێتە ناو ڕۆمانەکەوە و دەیگێڕێتەوە، بەتایبەتی ئەنفال و جینۆسایدی کورد، کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان (لە لایەن عوسمانییەکانەوە). ئەم دوو کارەساتە لە ڕێگەی دایک و باوکی کاکۆ وە بەیەکەوە گرێ دەدرێن، بۆ ئەوەی بڵێت ژان و قوربانی ئەم دوو نەتەوەیە لێک نزیکن.
نووسەر بە گەڕانەوەی بۆ مێژوو، دەقە ئایینییەکان دەیەوێت بەڵگە بۆ ژان و ئازارەکانی ئێستا بدۆزێتەوە.ڕۆمانەکە تەنیا سیاسی نییە، بەڵکو لایەنێکی سۆزداری و ڕۆحی گرنگی هەیە. چیرۆکی

عەشقی دایک و باوکی کاکۆ، سەرەتایەکە بۆ تێکەڵبوونی ئەم دوو ژانە مێژووییە، کە لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی سەرگەردانی، دایکی کاکۆ وەک هێمای زامی مێژوویی قووڵ و رزگاربوونی بێ کۆتایی دەردەکەوێت، کە هەوڵ دەدات منداڵەکەی لە کەشێکی نوێدا بژێنێت، بەڵام سێبەرەکانی مێژوو ناهێڵن.

"پێنجەمین کتێب"، بە یەکێک لە ڕۆمانە گرنگەکانی ئەدەبیاتی کوردی دادەنرێت، کە توانیویەتی گفتوگۆیەکی ئەدەبی و فیکریی بەرفراوان لەسەر بابەتەکانی مێژوو، ناسنامە و ژان دروست بکات. ڕۆمانەکە، تەنها گێڕانەوەی چیرۆکێک نییە، بەڵکو هەوڵێکی فیکریی و هونەرییە بۆ لێکدانەوەی مێژووی پڕ لە ئازاری کورد و ئەرمەن لە ڕوانگەیەکی نوێی جیهانیی و پۆستمۆدێرنەوە.

بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە ئاڵۆزانە وای لێدەکات، کە ڕۆمانەکە وەکو دەقێکی چەند ڕەهەند و هەمیشە زیندوو بمێنێتەوە. لە "پێنجەمین کتێب"دا، کارەکتەرەکان تەنیا کەسی ئاسایی نین، کاکۆ، هێمای نەوەی سێیەمی کارەسات و ناسنامەی ونبوو، دایک و باوک، هێمای یەکگرتنی زامەکانی نەتەوەیی و نیشانەی ئەوەی کە ئازار سنووری نەتەوەیی ناناسێت. نووسەر لە جیاتی گێڕانەوەی ڕووداوێک، ژانی ئەنفال و جینۆسایدەکانی دیکەی، بە کێشەیەکی جیهانی و مرۆڤایەتی بەستووەتەوە، بە تایبەتی بە تێکەڵکردنی چیرۆکی کورد و ئەرمەن.

ڕۆمانەکە وەک بەشێک لەو شەپۆلە نوێیەی ڕۆماننووسانی کورد سەیردەکرێت، کە دەیانەوێت ئەدەبیاتی کوردی لە چوارچێوەی گێڕانەوەی کلاسیکی ببەنە دەرەوە و بیگەیەننە ئاستی ئەدەبیاتی جیهانی، هەربۆیە ڕۆمانەکە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرنی کوردیدا شیکاری بۆ دەکرێت، چونکە چەندین تەکنیکی پێشکەوتووی تێدا بەکارهاتووە. هەربۆیە دەکرێت بوترێت، کە "پێنجەمین کتێب" بە ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرن و مێژوویی دادەنرێت کە هەوڵ دەدات ژانی مێژوویی بە چاوێکی نوێ بخوێنێتەوە، لە جیاتی ئەوەی تەنها بەسەرهاتێکی دڵتەزێن بگێڕێتەوە.

ئەم ڕۆمانە یەکێکە لەو بەرهەمانەی، کە لە چوارچێوەی بەکارهێنانی زیاتر لە یەک دیدگا تایبەتمەندییەکی سەرەکییەتی، کە دیدگای گێڕانەوەی تێکەڵاوی بەکارهێناوە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی واتای قووڵیی فیکری و چەند ڕەهەندی دەقەکە، چونکە مێژووگەرایی نوێ گومان دەخاتە سەر مێژووی فەرمی و زاڵ. ڕۆمانەکەش ئەو کارە دەکات بە هێنانی دەنگی پەراوێزخراوەکان بۆ ناوەڕاستی گێڕانەوە.

کۆمەڵکوژییە پەراوێزخراوەکان: بە یەکخستنی جینۆسایدی کورد (ئەنفال) و ئەرمەن، ڕۆمانەکە دوو ڕووداو دەخاتە ڕوو، کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە گوتاری مێژوویی جیهانیدا بە تەواوی دانپێدانراو نەبوون یان لە گێڕانەوەی سەرەکیدا سڕاونەتەوە.

تێکشکاندنی مێژووی سەردەست: ڕۆمانەکە مێژووی دەوڵەتانی زاڵ (وەک گێڕانەوەی بەعس یان گێڕانەوەی عوسمانی) تێکدەشکێنێت و مێژووی ڕاستەقینە لە ڕێگەی ئازاری تاکەکەسییەوە دەگێڕێتەوە.

پێنجەمین کتێب و دەسەڵاتی ئایینی/سیاسی: ناوی ڕۆمانەکە (پێنجەمین کتێب) ڕاستەوخۆ دەقە ئایینییە پیرۆزەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە یان وەک تەواوکەرێکیان دەیبینێت. ئەمەش شیکاری دەکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت چۆن دەسەڵاتی ئایینی و کولتووریی ئایینی لە کۆمەڵگەکەدا کاریگەری لەسەر ژان و قەیرانەکە داناوە.

کولتووری نەتەوەیی: ڕۆمانەکە چۆن گوتاری نوێی ناسنامەی کوردی لە دوای ئەنفال و کیمیاباران دەهێنێتە کایەوە؟ لە ڕوانگەی مێژووگەرایی نوێوە، ڕۆمانەکە تەنیا باس لە ئەنفال ناکات، بەڵکو دەبێتە بەشێک لە هەوڵدانی گوتاری کوردی بۆ بنیاتنانەوەی ناسنامە و یادەوەری لە سەردەمی پاش-جینۆسایددا.

ڕۆمانەکە زیاتر پشت بە دوو شێوازی گێڕانەوەیە دەبەستێت، لە بەشێک لە ڕۆمانەکەدا، گێڕانەوەکە لە زمانی یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانەوە دەبێت. کاتێک کاکۆ باسی سەرگەردانی خۆی دەکات، ئەم شێوازە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی خوێنەر ڕاستەوخۆ لە ناوەوەی قەیرانە ڕۆحییەکانی ئەودا بێت. ((من نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، هەر ئەو خوێنە لەو عەرەبانە تەختە سەر داپۆشراوە تنۆک تنۆک دەتکێتە ناو ژووره پەنهانەکەی دایکم، ئیدی خوا دەزانێت کاروانەکەی بابم چ لافاوێکی خوێنی لەبەر دەڕوات.))(غەریب، ٢٠٠٩: ٨٩)، کاتێک کاکۆ ڕاستەوخۆ دەدوێت، گێڕانەوەکە دەبێتە گێڕانەوەیەکی پڕ لە لێکدانەوەی کەسی، دژایەتیکردنی گومانەکان و پرسیارکردن لە ڕەگ و ڕیشە، گەیاندنی هەستی سەرگەردانی و نامۆیی، لە کولتووری ئەوروپا و گەڕان بەدوای پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ زێدی باب و باپیران.

لە شوێنێکی دیکەدا، کە کاکۆ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان تا بزانێت، ئەو مەرگەساتەی باوکی ئازار دەدات چییە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت خۆی لە ڕابوردووی پڕ ئازار و ئەشکەنجەی ڕزگار بکات، ((چیدی نامەوێت خوێنی باوکم بە ئازادی لە ناو جەستەی مندا بگەڕێ، نا، نامەوێ خوێنی کورد ئیدی بمکوژێ و هەموو ڕۆژێکم مردن وترس و ڕیسوایی بێت، نا ئەو خوێنەم ناوێ هەموو دڵۆپێکی گریان و کۆست و نەهامەتی بێت، هەموو دڵۆپێکی ئەنفال و هەڵەبجە و ژەهر بێت...)) (غەریب، ٢٠٠٩: ٢٢٨)، گێڕانەوەکە لە دیدگای کاکۆوە و بە کەسی یەکەم (من) هاتووە، بەڵام ئەم "من"ە ڕەتکەرەوەیە و لەسەر جەستە و خوێنی خۆی قسە دەکا، دیدگای کەسی یەکەم لێرەدا نوێنەرایەتی دەنگی پەروایزخراو دەکات، کە دەیەوێت لە گوتاری فەرمی و زوڵمی مێژووی باوکان جیاببێتەوە، کاتێک کاکۆ دەڵێت" :نامەوێت خوێنی باوکم... لە ناو جەستەی مندا بگەڕێ"، ئەمە تەنیا کێشەیەکی خێزانی نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەیەکی گەورەی فیکری و کولتوورییە بۆ میراتی مێژوویی پڕ لە نەهامەتی، کە بە زۆر بەسەر نەوەی نوێدا سەپێنراوە. گێڕانەوەی کەسی یەکەم ئەم ڕەتکردنەوەیە دەکاتە بابەتێکی تایبەت و سۆزدار، نەک تەنیا ڕووداوێکی مێژوویی وشک، مێژووگەرایی نوێ لێرەدا دەگەڕێت بەدوای ئەوەدا، کە چۆن مەرگەساتی مێژوویی (ئەنفال و هەڵەبجە) بووەتە هێزێکی دەسەڵاتدار بەسەر ژیانی نەوەی نوێوە.

لێرەدا تەنیا ماددەیەکی زیندەیی نییە بەڵکو، کۆدێکی کولتووری و مێژووییە، کە پڕە لە دەسەڵاتی ئازار و قوربانی .کاکۆ هەست دەکات کە ئەم خوێنە، کە هەڵگری یادەوەری ئەنفال و هەڵەبجەیە، دەبێتە زیندان و ترس بۆ ژیانی ئێستای، هەروەها بەکارهێنانی وشەکانی "ژەهر "و "بمکوژێ "نیشانەی ئەوەیە، کە مێژووی نەهامەتی لێرەدا وەک هێزێکی کارایی نەرێنی کار دەکات، کە نەوەی نوێ بەردەوام دەکوژێت. ئەمە ڕەخنەیەکی توندە ئاراستەی ئەو گوتارە کولتوورییەی، کە دەیەوێت بەردەوام نەوەی نوێ بە ئازارەکانی ڕابردوو ببەستێتەوە، هەربۆیە کاکۆ دەیەوێت خۆی لەو مەرگەساتە ڕزگار بکات، کە باوکی ئازار دەدات، کاکۆ بە گەڕانەوەی بۆ کوردستان و ڕەتکردنەوەی ئەو خوێنە، هەوڵی ڕزگارکردنی ناسنامە دەدات لەژێر سێبەری

مێژوویەکی زاڵدا. ئەمە بریتییە لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی گوتارێکی نوێ و ئازادانە، کە دوور بێت لەو مەرگەساتە گەورەیە.

لە بەشێکی دیکەدا، گێڕەرەوەیەکی باڵادەست دێتەکایەوە، کە هەموو شتێک دەزانێت، بۆ گێڕانەوەی رووداوە مێژووییەکان، ((جیهانگیر دەستی بەو پێیانەدا دەهێنان، کە لە چاوەڕوانیدا بوون، ئەو گووتی: ئەوە پێیەکانی ئەنفالن، ئەوە پێی ئەو کەسانەن جارێکی دیکە نەچوونەتە ناو خێزان و تازە بووکەکانیان لە باوەش نەکردەوە، پێی ئەو کەسانەن منداڵە نۆبەرەکەی خۆیان نەدیوە، هەرگیز نوقڵێک، یان مەساسەیەکیان بۆ کچەکەیان نەهیناوەتەوە)) (غەریب، ٢٠٠٩: ٢١٥).

تێکەڵبوونی ئەم دوو دیدگایە لەم رۆمانەدا، دیدگای یەکەم (من)، گێڕانەوەکە دەیبەستێتەوە بە ئازاری تاکەکەسی، دیدگای سێیەم (ئەو)، گێڕانەوەکە تەواوکەر و مێژوویی دەکات و چیرۆکەکە، لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا دادەنێت، ((هەر لە منداڵیمەوە، من لەو ئەشکەوتەدا ژیاوم، من هەڵدەهاتم و ئەو بەدوامەوە بوو، تۆ لە ژوورێکدا خۆت بەند کردووە، تەنها سەرگەردانێک بە رێکەوت دەتدۆزێتەوە.....، من بۆ وێنەیەک چوومە بنی دنیا، بە چنگ بیرەوەرییەکانی بابم هەڵکۆڵی. من لە ماڵی بابی خۆم، لە شارێک فەزایەکەی لە شووشە بوو ئاوارە و سەرگەردان بووم)) (غەریب، ٢٠٠٩: ١١٦)، ئاوێتە بوونی ئەم دوو دیدگایە لێرەدا هەردووکیان پەیوەستن بە تەوەری گەڕان بەدوای ناسنامە و زامی مێژوویی. ئەم گۆڕانکارییانە لە دیدگای گێڕانەوەدا شێوازێکی پۆست مۆدێرن دەدات بە رۆمانەکە و یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی جیهانێکی پڕ لە رەهەندی جیاواز بۆ خوێنەر.

کاتێک نووسەر دەیەوێت باسی پاشخانە مێژوویە گەورەکان بکات، وەک رووداوەکانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان، ((حکومەت قەسابی بە کرێ گرتبوو، رۆژی یەک لیرەی عوسمانی پێدەدان بۆ سەربڕینی ئەرمەنەکان، ....... قەسابەکان بە ئەرمەنەکانیان دەگوت ملتان درێژکەن، ئەوانیش بێ وورتە و بێ ترس ملیان بۆ سەربڕین درێژ دەکرد))، (غەریب، ٢٠٠٩: ٥)، یان ئەنفال و کارەساتەکانی کورد، بۆ نموونە، کاتێک گێڕەرەوە وەسفی گوندە وێرانکراوەکان دەکات، کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی کارەکتەرەکان هەیە. لێرەدا گێڕەرەوە وەک "مێژوونووسێکی شاراوە" دەردەکەوێت. ((لە دووری گوند وەستاین، ئاگرەکە دادەمرکا، جارێ تەپوتۆزی کاروانی دوژمن لە هەوادا مابوو، هەستمان نەدەکرد ئەوە ئەو گوندەیە هەر ئەورۆ جێمانهێشتووە ... هەناسە ورێگا و دارو درەختی گۆڕا بوو..)) (غەریب، ٢٠٠٩: ١٣٨)، کاتێک گێڕانەوەکە دەچێتە ناو جیهانی ناوەوەی کاکۆ (یان کارەکتەرە سەرەکییەکانی دیکە) و باسی بیرکردنەوە، دڵەڕاوکێ و پرسیارە بوونییەکانی دەکات دەربارەی ناسنامە و مەرگ، لە ساتەکانی قەیرانی رۆحی ((من لەبەر ئێوە نەبا، هەرگیز نەمدەتوانی دوو دنیام هەبێت، دنیایەکی پڕ لە ڕاستی و حەقیقەت، دنیایەکی رەسەن و بۆماوە و بڕیاردراو، دنیایەکی تاقانە و ئەبەدی، لەگەڵ دنیایەکی پڕ درۆ و فێڵباز و ڕیاکار و پۆخڵەوات....)) (غەریب، ٢٠٠٩: ١٩١)، ئەم دیدگایە بۆ گەیاندنی قووڵیی ژان و دڵەڕاوکێی کارەکتەرەکە بەکار دێت. چونکە گێڕانەوەکە تایبەت دەبێت و خوێنەر بە شێوەیەکی سۆزداری لەگەڵ کارەکتەرەکەدا تێکەڵ دەبێت.

لێرەدا نووسەر بۆ زیادکردنی لایەنی تاکەکەسی و رۆحی پشت بەم دیدگایە دەبەستێت. ئەم پارچانە زۆرجار وەک پەنجەرەیەکی تایبەت بۆ ناو ژیانی کاکۆ دەبینرێن، کە لە گێڕانەوەی گشتی جیا دەکرێتەوە.

نووسەر لە "پێنجەمین کتێب"دا زیاتر پشت بە دیدگای کەسی سێیەم دەبەستێت بۆ دانانی چوارچێوە مێژوویی و فیکرییە گەورەکە، بەڵام بەردەوام بە دیدگای کەسی یەکەمدا تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی ڕەهەندێکی مرۆیی و قووڵی ڕۆحی بە چیرۆکەکە ببەخشێت.
بەشێوەیەکی زانستیانە، خوێندنەوەی ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب" و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو دەقەکە، لە ڕوانگەی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێوە دەبێتە پرۆسەیەکی فرە ڕەهەند، کە پەیوەندییە شاراوەکانی نێوان دەق و چوارچێوە مێژوویی و کولتوورییەکەی ئاشکرا دەکات.
مێژووگەرایی نوێ، کە بەگشتی پشت بە چەمکەکانی "میشێل فۆکۆ و ستیڤن گرینبلات"، دەبەستێت، پێیوایە مێژوو خۆی دەقێکی گێڕدراوەتەوەیە و دەقی ئەدەبیش تەنیا ڕەنگدانەوەی مێژوو نییە، بەڵکو بەرهەمێکە لەناو دەسەڵات و مێژوودا دروست بووە و کار لەسەر ئەو دەسەڵاتە دەکات، هەربۆیە خوێندنەوەی "پێنجەمین کتێب" و گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی لە دیدی گێڕەرەوەکانەوە، لە ڕوانگەی مێژووگەرایی نوێوە نیشانی دەدات کە:

- ڕۆمانەکە، بەرهەمێکی یەکگرتووە لەگەڵ مێژووی پڕ لە ناکۆکی و قەیرانی دەسەڵاتی ناوچەکە.
- ڕۆمانەکە هەوڵ دەدات فۆڕمی مێژوویی و ئەدەبی تێکبدات بۆ ئەوەی دەنگی پەراوێزخراو بەهێز بکات و چەقبەستوویی یادەوەری تێکبشکێنێت.
- ڕۆمانەکە دەبێتە بەشێک لەو گوتاری نوێیەی، کە هەوڵی خۆ-نووسینەوەی یادەوەریی نەتەوەیی کورد و ئەرمەن دەدات.

ئەم ڕوانگەیە، پێماندەڵێت، کە دەقەکە لەسەر پەیوەندی نێوان ئەدەب (ڕۆمان) و کولتوور و مێژووی سەردەست و پەراوێزخراو بنیات نراوە.
بەپێی فۆکۆ، زانین، بێلایەن نییە، بەڵکو هەمیشە بەرهەمی دەسەڵاتە و لە خزمەتی دەسەڵاتدا بەکار دەهێنرێت. واتە، ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵگەیەکدا وەک "ڕاستی" و "مێژوو" ناسێنراون، لە ڕاستیدا لەلایەن دەسەڵاتی سەردەستەوە دروست کراون.
لێرەدا دەبینین، کە چۆن ڕۆمانەکە ئەم پەیوەندییە دەخاتە ژێر پرسیارەوە:
١- دەسەڵات و مێژووی نوسراو

- دەسەڵات وەک "سڕینەوە": دەسەڵاتی دەوڵەتانی زاڵ (وەک ڕژێمی بەعس لە عێراق یان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێشوو) هەوڵی داوە، کە ڕووداوەکانی وەک ئەنفال یان جینۆسایدی ئەرمەن لە مێژووی فەرمیدا بسڕێتەوە یان بیانکاتە گێڕانەوەیەکی پەراوێزخراو، ئەمەش ڕاستەوخۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتە بۆ دروستکردنی 'نەزانی' یان 'ڕەتکردنەوەی زانین'.، لەبەرئەوە ڕۆماننووس لە ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب" دا، دێت و ئەو زانیارییانە دەگەڕێنێتەوە کە سڕێنراونەتەوە. دەقی ئەدەبی لێرەدا دەبێتە فۆرمێکی دژە-دەسەڵات بۆ تۆمارکردنی ئەو زانینەی کە لە ڕێگەی گوتاری فەرمیەوە ڕێگەی پێنەدراوە.

٢- دەسەڵاتی کولتووری و ناسنامە

- دروستکردنی ناسنامە: دەسەڵاتی کولتووری و سیاسی هەوڵ دەدات جۆری ئەو ناسنامەیە دیاری بکات، کە تاک پێویستە هەیبێت. بۆ نموونە، کارەکتەرێک دەبێت تەنیا "عێراقی" بێت یان تەنیا "تورکی"، کاکۆ، وەک بەرهەمی دوو نەتەوە و کولتووری جیاواز (کورد و ئەرمەن) کە لە ئەوروپادا گەورە بووە، ڕەتکردنەوەی ئەم دیاریکردنەیە. ئەو بەدوای زانینێکدا دەگەڕێت کە

دەسەڵاتی فەرمی ناتوانێت پێی ببەخشێت. سەرگەردانیی کاکۆ دەبێتە هێمای ئەو ناکۆکییە زانینییەی، کە لەنێوان مێژووی خێزانەکەی و جیهانی دەوروبەریدا هەیە

٣- "پێنجەمین کتێب" وەک زانینێکی دژە-فەرمی

- کتێبی ئازار: ئەگەر چوار کتێبە ئاسمانییەکە نوێنەرایەتی گوتارێکی زاڵی ئایینی و کولتووری بکەن، ئەوا "پێنجەمین کتێب" نوێنەرایەتی زانینێکی مرۆڤایەتی دژە-فەرمی دەکات. ئەم کتێبە بریتییە لە کۆی ئەو ئازار و ژان و سەرگەردانییەی، کە بەشێک لە مرۆڤایەتی بەسەریان هاتووە و لەلایەن زانین و دەسەڵاتی زاڵەوە نادیدە گیراون، ڕۆمانەکە بە دانانی ئەم ناونیشانە، دەسەڵاتی دامەزراوەیی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و دەڵێت "زانینی ڕاستەقینە" لە ناوچەی پەوەبرواێزخراو و قوربانیدراوەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک لە دامەزراوە پیرۆز یان حکوومییەکانەوە.

پێنجەمین کتێب" بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی باس نەکراون، دەبێتە قوتابخانەیەکی یادەوەری بۆ خوێنەر. ڕۆمانەکە سنووری نێوان ئەدەب و تۆمارکردنی مێژوویی تێکدەشکێنێت، بۆ ئەوەی "ڕاستییەکە" بگەیەنێت کە دەسەڵات دژی وەستاوە.

## ئەنجام

١-مێژووگەرایی نوێ تیۆرێکی ڕەخنەیی نوێیە، کە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، لەسەر بنەما تیۆرییەکانی(ستیڤن گرینبلات) دامەزراوە و جەخت لەگرنگی لیکۆڵینەوە لەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابورییانە دەکاتەوە، کەبەرهەمە ئەدەبییەکانیان لەقاڵب داوە، هەروەها ئەو ڕێگایانەی، کە ئەو بەرهەمانە کاریگەریان لەسەر کلتوور و سیاسەتی سەردەمی خۆیان هەبووە، هەربۆیە ئەدەب بەرهەمی ئەو زەمینە مێژوویی و کلتورییەیە، کەتێیدا بەرهەم هاتووە، ئەم تیۆرە ڕەخنەییە هەوڵدەدات لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی دەقی ئەدەبییەوە، ئەوسیستەمە ئایدۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و کلتورییانە دیاریبکات، کە لە دەقەکەدا زاڵ و دەرکەوتوون، پاشان لە شێوەی گوتارێکی ڕەخنەییدا بیانخاتەڕوو.

٢-لەم میتۆدە ڕەخنەییە نوێیەدا چەندین توخم کۆدەبنەوە و پێکەوە کاردەکەن بۆ پشتگیریکردنی میتۆدی مێژووگەرایی نوێ، کە لە هەوڵدایە بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی لە چوارچێوە مێژوویی و کلتورییەکەیدا.

٣-کەشتیی فریشتەکان یەکێکە لە ڕۆمانە گرنگەکانی بەختیار عەلی، بۆ تێگەیشتنی ئێمە لە قۆناغی شۆڕشی کوردی لە سەدەی ڕابردوودا، چونکە ئەدەب هەمیشە ڕێگایەکی گەورە و بوارێکی باش بووە، بۆ گوزارشتکردن و دووبارە خوێندنەوە و گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان، چونکە ئەدیبان ئەوەی لە گێڕانەوە ئەدەبییەکانەوە دەیبینن هەمیشە ئەو بەشانەن، کە مێژوو نووسان و کەسانی دیکە نایبینن و هەستی پێناکەن.

٤- "پێنجەمین کتێب"، بە یەکێک لە ڕۆمانە گرنگەکانی ئەدەبیاتی کوردی دادەنرێت، کە توانیویەتی گفتوگۆیەکی ئەدەبی و فیکریی بەرفراوان لەسەر بابەتەکانی مێژوو، ناسنامە و ژان دروست بکات. ڕۆمانەکە، تەنها گێڕانەوەی چیرۆکێک نییە، بەڵکو هەوڵێکی فیکریی و هونەرییە

بۆ لێکدانەوەی مێژووی پڕ لە ئازاری کورد و ئەرمەن لە ڕوانگەیەکی نوێی جیهانیی و پۆستمۆدێرنەوە

سەرچاوەکان


1 - ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، سلێمانی ، چاپی یەکەم، غەزەلنووس.

2 - ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠٠٦، ئەزموونی خوێندنەوە و چەند لاپەڕەیەکی مێژوویی، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپ وپەخشی سەردەم.

3 - أخوت، أحمد، ١٣٧١، دستور زبان دستان، أصفهان، نشر فر.

4 - برتنس هانس، ١٣٩١، مبانی نظریه أدبی، ت/ محمد رضا أبو القاسی، تهران، چاپ سوم.

5 - حەسەن، نالە، ٢٠٢٠، ئەدەب و ئایدۆلۆژیا، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری.

6 - حەسەن، محەمەد ئەحمەد، ٢٠٢٣، ئایدۆلۆژیا و گوتاری چیرۆکی کوردی، چیرۆکی ساڵانی (١٩٥٠-١٩٦٩) بەنموونە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٧، ژمارە ٦، زانکۆی سەلاحەدین .

7 - حەمە فەرەج، دیلان سەلام، ٢٠٢٤، کولتور لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی-دا، سلێمانی، چاپخانەی پاندا.

8 - حسێن، هیوا کریم، ٢٠٢٠، کاریگەری گوتاری ئەدەبی لەسەر ڕای گشتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا (بەنموونەی باشوری کوردستان، ١٩٩٢-٢٠٠٣)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، تێزی دکتۆرا.

9 - سەجادی، بەختیار، ٢٠٢٢، فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی، هەولێر، چاپی سێهەم، ماڵی وەفایی.

10 - خاڵە دێوە، ڕێزان عوسمان، ٢٠١٠، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی کوردستانی باشور (١٩٨٥- ١٩٩٠)، هەولێر، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی.

11 - عەلی، بەختیار، ٢٠١٢، کەشتی فریشتەکان، سلێمانی، ئەندێشە، بەرگی یەکەم.

12 - عەلی، بەختیار، ٢٠١٣، کەشتی فریشتەکان، سلێمانی، ئەندێشە، بەرگی یەکەم.

13 - عەلی، بەختیار، ٢٠١٧، کەشتی فریشتەکان، سلێمانی، ئەندێشە، بەرگی یەکەم.

14- غەریب، جەبار جەمال، ٢٠٠٩، پێنجەمین کتێب، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی.

15- Tylor, Edward, 1985, primitive culture.

**resources**

-1Aswad, Nawzad Ahmad, 2015, Dictionary of Terms of Literature and Humanities, Sulaimani, First Edition, Ghazalnoos.
-2Aswad, Nawzad Ahmad, 2006, Experience of reading and some historical pages, Sulaimani, first edition, Sardam Publishing House.
-3Akhut, Ahmad, 1992, Dastoor Zaban Dastan, Isfahan, Published by Fr.
-4Bertens Hans, 2012, Foundation of Literary Theory, T/ Mohammad Reza Abu al-Qasi, Tehran, Sum Edition.
-5Hassan, Nala, 2020, Literature and Ideology, Erbil, first edition, Roshnbiri Printing House.
-6Hassan, Mohammed Ahmad, 2023, Ideology and Discourse of Kurdish Story, Stories of the Years (1950-1969) for example, University Journal of Humanities, Volume 27, No. 6, Salahaddin University.
-7Hama Faraj, Dylan Salam, 2024, Culture in Bakhtiar Ali's Novel Evening Parwana, Sulaimani, Panda Printing House.
-8Hussein, Hiwa Karim, 2020, The Influence of Literary Discourse on Public Opinion in Kurdish Society (Eg South Kurdistan, 1992-2003), College of Language, Sulaimani University, Ph.D. Thesis.
-9Sajadi, Bakhtiar, 2022, Dictionary of Critical Terms, Erbil, Third Edition, Mali Wafaee.
-10Khale Dewa, Rezan Osman, 2010, Structure of Event Types in Kurdish Novel of South Kurdistan (1985-1990), Erbil, First Edition, Kurdish Academy.
-11Ali, Bakhtiar, 2012, Ship of Angels, Sulaimani, Andesha, Vol.
-12Ali, Bakhtiar, 2013, Ship of Angels, Sulaimani, Andisha, Vol.
-13Ali, Bakhtiar, 2017, Ship of Angels, Sulaimani, Andisha, Vol.
-14Gharib, Jabar Jamal, 2009, Fifth Book, Erbil, First Edition, Khani Printing House.
-15Tylor, Edward, 1985, Primitive Culture.